UNITED KURDISTAN

# یەکبوون

کوردستان یەک وڵاتە و کوردیش یەک نەتەوەیە و دابەشکراون

جۆزەردانی ٢٧١٢ | یەکبوون ژمارە ٢٦ | May : 2012






* سەربەخۆیی نیشتمانی نێونەتەوایەتی ...لاپەرەی ٢
* لە کوێدا هەموو ڕەوەندی کوردی دەبێتە ژن کوژ؟ ... لاپەرەی ٥
* کێشە هەنووکەییەکانی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پێشنیارەکان ....لاپەرەی ٦
* ئازادی ڕۆژنامەگەری ... لاپەرەی ٧
* کورتە مێژووی وڵاتی فەرانسە ... لاپەرەی ٩
* ژیان و خەباتی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد ... لاپەرەی ١٢
* جوانناو ... ١٣
* هەڵبژاردەی فوتباڵی کوردستان هێمای بە جیهانی بوونی کورد ... لاپەرەی ١٩

# سەربەخۆیی نیشتمانی نێونەتەوایەتی

نووسینی : برتراند راسل

وەرگێرانی : ئەکبەر حسن

ئەوەی کە لە پەیوەندی نێوان دەوڵەتەکانء هاوکات پەیوەندی نێوان گروپەکانی ناو یەک دەوڵەتدا پێویستە، سەربەخۆییە لە کاروباری ناوخۆو یاسایە لەبری هێز لە کاروبارە دەرەکییەکاندا. ئەوەی کە پەیوەستە بە گروپەکانی ناو دەوڵەتێک، سەربەخۆیی ناوخۆیە، کە پێویستە جەختی لەسەر بکرێتەوە، چونکە ئەوە هەموو کەموکورتیەکەیە کە پێویستە چارەسەر بکرێت..



بەهەرحاڵ، ملکەچکردن بۆ یاسا هەر لەکۆتایی سەدەکانی ناوەڕاستەوە زامن کراوە. بەڵام ئەوەی کە لە پەیوەندیی نێوان دەوڵەتەکاندا پێویستە، یاساو حکومەتێکی ناوەندی و سەربەخۆبوونە لە کاروبارە ناوخۆیی و دەرەکییەکاندا. ئەو قۆناغەی کە لە ئەوروپا تێمانپەڕاند، هاوشێوەیە لەگەڵ ئەو قۆناغەی کە لەسەروەختی جەنگی گوڵەکاندا (١) لە کاروباری ناوخۆیدا گوزەراندمان، کاتێک کە بارۆنە یاخییەکان نەیانتوانی پادشا بپارێزن... بەم شێوەیە هەرچەندە لە هەردوو دۆخەکەدا ئامانج هەریەک ئامانج بێت، بەڵام هەنگاوەکان کە بۆ بەدەستهێنانی پێویستن، جیاوازن.

هەتا ئەو کاتەی سنوری دەوڵەت یەکسان و هاوتا بێت لەگەڵ سنوری نەتەوەدا، سیستەمێکی نێودەوڵەتی باش سەرهەڵنادات.

ئەستەمە ئەوەی کە بەنەتەوە ناوی دەبەین، دیاری بکەین. ئایا ئێرلەندییەکان نەتەوەن؟ دەسەڵاتدارانی ناوخۆی ئێرلەندا دەڵێن بەڵێ. بەڵام یەکێتیخوازان دەڵێن نەخێر. ئەی ئەڵستەرییەکان نەتەوەن؟ یەکێتیخوازەکان دەڵێن بەڵێ، بەڵام دەسەڵاتدارەکانی ناوخۆ دەڵێن نەخێر. لە هەموو ئەم حاڵەتانەدا مەسەلەکە مەسەلەیەکی ڕێژەییە، جا ئەگەر بەگروپێک بڵێین نەتەوە یان نا. ئەڵمانییەکان پێت دەڵێن پۆڵۆنییەکانی ڕوسیا نەتەوەن، بەڵام (هەمان ئەڵمانی) پۆڵۆنییەکانی پروسیا بە بەشێک لە پروسیا دادەنێ. دەشێت پرۆفیسۆرو پسپۆڕەکان بەکرآ بگیرێن بۆ سەلماندنی نەتەوەبوون یان نەتەوەنەبوونی گروپێک بە بەکارهێنانی ئەرگۆمێنتی ڕەگەزی یان مێژوویی یاخود زمانەوانی بەو شێوەیەی کە کرێدەرکانیان دەیانەوێت. بۆ ئەوەی خۆمان لەم مشتومڕانە لابدەین، هەولڕ دەدەین نەتەوە پێناسە بکەین و ماناکانی دیاری بکەین.

نابێت نەتەوە بە پێی نزیکایەتی زمان یاخود بنەچەی مێژوویی هاوبەش پێناسە بکرێت، هەرچەندە ئەم بنەمایانە لە پێکهێنانی نەتەوەدا یارمەتیدەربن. سویسرا نەتەوەیە سەرەڕای جیاوازیی ڕەگەزو زمان و ئاینی دانیشتوانەکەی. ئینگلتەراو سکۆتلەندا یەک نەتەوەن، بەڵام لەسەروەختی جەنگی ناوخۆدا یەک نەتەوە نەبوون. کرۆموێل لە کاتی توندبوونەوەی ململانێکاندا دەڵێت: (ملکەچی شاهانەکان بیت، باشترە لەوەی ملکەچی سکۆتلەندییەکان بیت). بەریتانیای گەورە پێش ئەوەی یەک نەتەوە بێت، یەک دەوڵەت بوو، بەڵام بە پێچەوانەوە ئەڵمانیا یەک نەتەوە بوو، پێش ئەوەی یەک دەوڵەت بێت.

ئەوەی کە نەتەوە پێکدەهێنێت، هەست و غەریزەیە: هەستکردن بە هاوشێوەبوون، غەریزەی ئینتیمابوون بۆ گروپێک یان دەستەیەک. ئەم غەریزەیە درێژکراوەی هەمان غەریزەیە کە ڕانەمەڕێک یان هەر ئاژەڵێکی تر لەدەوری یەکتر کۆدەکاتەوە. ئەو هەستەی کە یاوەری ئەم غەریزەیەیە، جۆرێکی نەرم و نیانترو درێژترە لە هەستی خێزانی. ئێمە پاش ئەوەی لە سەفەرێکی درێژ دەگەڕێینەوە بۆ بەریتانیا، هەست بە هەندێک شتی جوان و سەرنجڕاکێش دەکەین لە ڕێگا ئاشناکاندا. ئاسانە لەم دۆخەدا بڕوا بهێنین کە ئینگلیزەکان مرۆڤی چاکن، لە کاتێکدا لە هەمان دۆخدا وا هەست دەکەین بیانییەکان پڕن لە پیلانی شەڕانگێزانە.

ئەم جۆرە هەستانە وا دەکەن پێکهێنانی نەتەوەیەک لە دەوڵەتێکدا ئاسان بێت و ملکەچبوون بۆ فەرمانەکانی حکومەت کارێکی سەخت نەبێت. ئێمە هەست دەکەین کە ئەوە حکومەتی خۆمانە، یاساکانی هەمان یاسا دەبوون ئەگەر خۆمان دەسەڵاتدار بوینایە. لێرەدا هەستێکی غەریزەیی کەم تازۆر نائاگاییانە هەیە، کە بۆ بەدەستهێنانی ئامانجە هاوبەشەکانی نێوان تاکەکانی یەک نەتەوە تێدەکۆشێت. ئەمە لە کاتی شەڕ یان مەترسی شەڕدا بەڕوونی دەردەکەوێت. لەم کاتەدا هەر کەسێک دژی بڕیارەکانی حکومەت بوەستێت، هەست بە ناکۆکییەکی ناوەکی دەکات، کە جیاوازە لە هەر هەستێکی تر، کە لە کاتی بەرهەڵستیی حکومەتێکی بیانیدا هەستی پێدەکات و لەوانەیە خۆی لەژێر دەسەڵاتیدا ببینێتەوە. بەڵام ئەگەر بەرهەڵستی حکومەتی خۆی بکات، بە هیوا دەبێت کە ڕۆژێک دێت حکومەتەکەی وەک ئەم بیردەکاتەوە. بەڵام ئەگەر بەرهەڵستیی حکومەتێکی بێگانە بکات، ئەوا بوونی ئەم هیوایە پێویست نییە. ئەم غەریزە دەستەجەمعییە ئەوە پیشان دەدات کە چ شتێک نەتەوەیەک پێکدەهێنێت و بە گرنگی دەزانێت سنورەکانی نەتەوە هەمان سنوری دەوڵەت بێت.

هەستی نەتەوەیی حەقیقەتێکە، نکوڵی لێناکرێت. هاوکات پێویستە دەزگاکانیش بە هێند وەربگرن. ئەگەر نکوڵی لێکرا، ئەوا بەهێز دەبێت و دەبێت بە سەرچاوەی تێکۆشانێکی درێژ. ئەو کاتەش هێورکردنەوەی مەحاڵە، مەگەر ئەوەی وازی لێبهێنرێت ئازادانە مامەڵە بکات تا ئەو کاتەی کە مەترسی هێرشکردنی لێناکرێت. هەستی نەتەوەیی خۆی لە خۆیدا باش یان پەسەند نییە. لە ڕاستیدا سنووردارکردنی هاوسۆزیی مرۆیی کارێکی ناعەقڵانی و خراپە، چونکە ئەم سنووردارکردنە دەبێت بەهۆی دروستبوونی دووبەرەکی لەنێوان مرۆڤدا. بەگشتی، هەمەچەشنی لە داب و نەریتەکاندا شتێکی باشە، چونکە ئەمە وا لە نەتەوە جیاوازەکان دەکات، بتوانن چەشنی جیاوازی بلیمەتی بەرهەم بهێنن. هەستی نەتەوەیی هەمیشە ڕەگەزێکی شاراوە یان ئاشکرای دوژمنایەتیکردنی خەڵکانی بێگانەی تێدایە. بەڵام ئەو نەتەوەیەی کە ئازادەو لە ژێر فشاری دوژمنەکانیدا نییە، ئەم هەستی دوژمنایەتییەی تیادانییە.

هەستی گروپ جۆرێک ئەخلاقی بەرتەسک و زیانبەخش بەرهەم دەهێنێ. مرۆڤ ئەوە بەباش دەزانێ، کە سودی هەیە بۆ گروپەکەی. ئەوەش بە خراپ دەزانێت، کە بەرژەوەندی گروپەکەی دەخاتە مەترسیەوە، تەنانەت ئەگەر ئەم خراپەیەش لە بەرژەوەندی کۆی ڕەگەزی مرۆیی بێت. دەتوانین لە کاتی جەنگدا ئەم ئەخلاقە گروپییە بەدی بکەین، بیرکردنەوەیەکی لەم جۆرەش لە کاتی جەنگدا بیرکردنەوەیەکی ئاساییە. هەرچەندە هەموو میللەتی ئینگلیز لەو بڕوایەدان کە تێکشکانی ئەڵمانیا لە جەنگدا (٢) لە سوود و بەرژەوەندی سەرجەم گەلانی جیهانە، سەرباری ئەوەش بە چاوی ڕێزەوە سەیری سەربازی ئەڵمانی دەکەن، کە بەرگری لە وڵاتەکەی دەکات، چونکە ئەوان بیریان لەوە نەکردۆتەوە کە چالاکی ئەم سەربازە دەبێت ئەخلاقێک ئاراستەی بکات، باڵاتربێت لە ئەخلاقی گروپ.

مرۆڤ مافی ئەوەی هەیە زیاتر بەرژەوەندیی وڵاتەکەی لە بەرچاو بگرێت هەتا بەرژەوەندی وڵاتانی تر، چونکە کارو چالاکییەکانی لە وڵاتەکەی خۆیدا کاریگەریی زیاتریان هەیە تا وڵاتانی دیکە. بەڵام لە کاتی جەنگ و لەو پرسانەدا کە بۆ نەتەوەکانی تریش گرنگن، پێویستە گۆڕان بەسەر ئەم ڕوانینەدا بێت، دەبێت خۆشبەختی جیهانی لەبەرچاو بگرێت و ڕێگا نەدات بیرکردنەوەکانی لە چوارچێوەی بەرژەوەندی نەتەوەکەیدا قەتیس بێت.

بەو پێیەی کە ئەم هەستە نەتەوەییە بوونی هەیە، ئەوا زۆر گرنگە هەر نەتەوەیەک لە کاروباری ناوخۆدا سەربەخۆ بێت. حکومەت تەنیا لەو کاتەدا دەبێت هێز و ستەم بەکاربهێنێت، کە ژێردەستەکانی بەچاوی

دوژمنەوە سەیری بکەن. ئەم جۆرە سەیرکردنەش لە کاتێکدا دەبێت، کە تاکەکان هەست بکەن حکومەت حکومەتی نەتەوەیەکی دیکەیە. لەو دۆخانەدا کە تاکەکانی سەر بەنەتەوە جیاوازەکان شانبەشانی یەکدی لەیەک ناوچەدا دەژین، وەک ئەوەی کە لە باڵکاندا ڕوو دەدات، ئەم بنەمایە ڕووبەڕووی ئاستەنگ دەبێتەوە. هەندێک ئاستەنگی دیکەی وەک هۆکارە جوگرافییەکان وا دەکەن کە هەندێ شوێن گرنگییەکی نێودەوڵەتیی گەورەی هەبێت، وەک نۆکەندی سوێس و نۆکەندی پەنەما. لەم دۆخەدا ویست و ئارەزووی دانیشتوان دەکرێت بە قوربانی بەرژەوەندییە گەورەکان. بەگشتی، ئەو بنەمایەی کە دەڵێت دەبێت سنورەکانی نەتەوە هەماهەنگ و هاوجووت بێت لەگەڵ سنورەکانی دەوڵەتدا، لە چەند حاڵەتێکی دەگمەندا نەبێت، زۆر بەکەمی پیادە دەبێت. ئەم بنەمایە چۆنێتی ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان دەوڵەتەکان و یەکلاییکردنەوەی ململانێی بەرژەوەندییەکانی نێوانیان دیاری ناکات.

ئێستا هەموو دەوڵەتە گەورەکان بانگەشەی سەروەریی ڕەها دەکەن نەک تەنیا لە کاروبارە ناوخۆییەکانیاندا، بەڵکو لە کاروبارە دەرەکییەکانیشدا. ئەم بانگەشەیەش دەبێت بەهۆی ململانێ لەگەڵ هەمان بانگەشەی دەوڵەتە گەورەکانی دیکەدا. ئەم ململانێیەش تەنیا بەدوو ڕێگا یەکلایی دەکرێتەوە: یان جەنگ، یان سیاسەت. سیاسەتیش لە جەوهەردا هیچ نییە جگە لە هەڕەشەی جەنگ. وەک چۆن تاکەکان هیچ پاساوێکیان نییە بانگەشە بۆ سەروەریی ڕەها بکەن، بەهەمانشێوە دەوڵەتەکانیش مافی ئەوەیان نییە بانگەشە بۆ سەروەریی ڕەها بکەن. لە ڕاستیدا ئەم بانگەشەکردنە، واتا بڕیاردان لە کاروبارە دەرەکییەکان بەهێزی پەتی. کاتێک دوو نەتەوە یان دوو گروپی نەتەوەیی گرنگی بەیەک مەسەلە دەدەن، ئەوا یەکلاییکردنەوەی ئەم مەسەلەیە پشت دەبەستێ بەو باوەڕەی کامیان بەهێزترە؟ ئەوەش هیچ نییە جگە لە ئانارشیزمی سەرەتایی (جەنگی گشت دژی گشت) کە هۆبز بەمەی دەوت دۆخی سروشتیی مرۆڤایەتی.

هەتا دەوڵەتان لە پەیوەندییە دەرەکیەکانییاندا دەستبەرداری بیرۆکەی سەروەریی ڕەها نەبن و یەکلاییکردنەوەی هەندێک مەسەلە نەخرێتە بەردەست حکومەتێکی جیهانی (٣) کە پێویستە یاسادانەرو دادوەربێت، ئەوا ئاشتی لە جیهاندا زامن نابێت و پرسە جیهانی و نێونەتەوەییەکان بەگوێرەی یاسا نێودەوڵەتییەکان یەکلایی ناکرێنەوە. بەتەنیا دادگای لاهای بەس نییە بۆ یەکلاییکردنەوەی پرسەکان بەپێی یاسا نێودەوڵەتییەکان، بەڵکو هاوکات پێویستە دەزگایەکیش هەبێت، کە بتوانێت ئەم یاسایانە دەربکات. دەزگایەک کە بتوانێت هەندێک هەرێم لە دەوڵەتێک وەربگرێتەوە و بیخاتەسەر دەوڵەتێکی تر ئەگەر پاساوێکی گونجاو هەبێت بۆ ئەم وەرگرتنەوەیە. بانگەشەکەرانی ئاشتی هەڵەیەکی کوشندە دەکەن ئەگەر بارودۆخی ناشایستەی ئێستا شکۆدار ڕابگرن. هەندێک نەتەوە گەشە دەکەن و هەندێکی تر لەناو دەچن، ژمارەی دانیشتوان بەهۆی کۆچەوە لە گۆڕاندایە. ئەو دەوڵەتانەی کە لە گۆڕانی سنوورەکانیان دەترسن لە بارۆدۆخێکی لەم جۆرەدا، پاساوێکی گونجاویان بەدەستەوە نییە بۆ ئەم ترسەیان. لێرەدا ئەگەر دەسەڵاتێکی نێودەوڵەتیی بەتوانا ئەم گۆڕانکارییە ئەنجام نەدات، ئەوا سات لەدوای سات مەیلی جەنگ زیاد دەبێت و بەری پێناگیرێت.

پێویستە دەسەڵاتە نێودەوڵەتییەکە سوپاو هێزی دەریایی هەبێت، کەتەنیا هێز بن لە جیهاندا. بەکارهێنانی هێزیش تەنیا ئەو کاتە ڕەوا دەبێت، کە بۆ کەمکردنەوەی شەڕەنگێزیی هێزەکانی جیهان بێت. ئەگەر مرۆڤ لە بەکارهێنانی غەریزە وەحشیەکاندا ئازاد بێت، ئەوا هەندێک لە تاکەکان یان گروپەکان ئەم هەلە دەقۆزنەوە بۆ چەوساندنەوەو تاڵانکردنی بەرامبەرەکانیان. وەک چۆن پێویستە پۆلیس هەبێت بۆئەوەی ڕێگای بەکارهێنانی هێز لە مرۆڤ بگرێت، بەهەمانشێوە پێویستە پۆلیسی نێودەوڵەتی هەبێت، بۆ ئەوەی ڕێگا نەدات دەوڵەتان بەشێوەیەکی نایاسایی هێز بەکاربهێنن.

ئەگەر حکومەتێکی نێودەوڵەتی هەبێت، کە خاوەن سوپاو هێزی دەریایی بێت و جگە لەو هیچ هێزو سوپایەکی تر نەبێت، ئەوا پێویستبوون بە هێز شتێکی کاتییەو پاش ماوەیەکی کەم سوودی ئەم یاسایە کە جێگای ئاژاوەی گرتۆتەوە، دەردەکەوێت و حکومەتی نێودەوڵەتی کۆنترۆڵی تەواوی لەدەستدا دەبێت. لە ئەنجامی ئەمەدا هیچ حکومەتێک خەون نابینێت بە دەرچوون و سەرپێچیکردن لەبڕیارەکانی. کاتێکیش بەم قۆناغە دەگەین، مانەوەی سوپاو هێزی دەریایی پێویست نابن. بەڕای من ئەگەر ئێمە هیواخواز بین حکومەتێکی لەم جۆرە سەرهەڵبدات، ئەوا هیواکەمان ئاقڵانەیە و لەجێی خۆیدایە.

ڕێگایەکی درێژمان لەبەردەمدایە بۆ پایەدارکردنی ئەم دەسەڵاتە نێودەوڵەتییە. پێشبینیکردنی ئەو هەنگاوانەی کە پلەبەپلە بەم ئەنجامەمان دەگەیەنن، کارێکی سەخت نییە. ملکەچبوون بۆدەنگی عەقلڕ بەردەوام لە زیادبووندایە و بەکارهێنانی هێزیش ڕوو لە کەمییە. ئێستا مرۆڤ پەی بەوە دەبات کە پێکدادان و چاوتێبڕینە نێودەوڵەتییەکان لە ڕاستیدا وەهمن. تەنانەت ئەگەر بەرژەوەندییەکانمان دژی یەک بوون، پێویستە دەرک بەوە بکەین کە خۆبەدەستەوەدان باشتر و کەمئازارترە لەشەڕکردن.

لەگەڵ زیادبوونی داهێنانەکاندا ئەو جەنگانەی کە ڕوودەدەن، وێرانکەرتر و خاپوورکەرتر دەبن. هاوکات ڕەگەزە شارستانییەکانیش ڕووبەڕووی هاوکاری یان وێرانبوونی دوولایەنە دەبنەوە. ئەم جەنگەی ئێستا وایکردووە کە ئەم هەڵبژاردنە (هاوکاری یان وێرانبوونی دوولایەنە) زیاتر ڕوون بێت. ئەگەر کاتی تەواو هەبێت بۆ ساردبوونەوە و هێوربوونەوەی دوژمنایەتییەکە، ئەوا خەڵک لەبری وێرانکردنی شارستانیەت، کار بۆ لەباربردنی مەیلی جەنگ دەکەن.

دەوڵەتان لەسەر کاروباری سەرەکیی ئابوورییدا لەململانێدان: باجی گومرکی کە لەڕاستیدا وەهمە، چەوساندنەوەی چینەکانی خوارەوە کە تاوانە، شانازیکردن و خۆسەپاندن بەهۆی هێزەوە کەگێلێتییەکی مناڵانەیە.

گفتوگۆی زۆر لەبارەی باجەوە کراوە، هەربۆیە نامەوێت لەبارەیەوە بدوێم و دووبارەی بکەمەوە. ئەوەشی کە وا دەکات گفتوگۆیەکی لەم جۆرە مایەپووچ بێت، دوژمنایەتیی نێوان نەتەوەکانە. هیچ کەس یان لایەنێک پێشنیازی ڕێکخستنی باجی گومرکی نێوان ئینگلتەرا و سکۆتلەندا یان لەنکشایەر و یۆرکشایەر ناکات. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو ئارگیۆمێنتەی کە پاڵپشتی دانانی باجی گومرکی لە نێوان نەتەوەکاندا دەکات، دەشێت بۆ سەپاندنی باجی نێوان شارەکانی یەک نەتەوە و بەرگریکردن لێی بەکاربهێنرێت.

ئاشکرایە کە بازرگانیی ئازادی جیهانی سوودی بۆ مرۆڤایەتی هەیە. ئەگەر ڕق و کینەی نێوان نەتەوەکان نەبن بە ڕێگر، دەشێت لەداهاتوودا ئەو بازرگانییە بونیاد بنرێت. سەبارەت بەزامنکردنی ئاشتی جیهانی، دەبینین کە ئازادیی بازرگانی لە نێوان دەوڵەتە شارستانییە جیاوازەکان بەئەندازەی دەرگاکردنەوە دەرامەتەکانیان کە پشتی پێدەبەستن، گرنگ نییە. ئارەزووی کردنەوەی بازاڕی تایبەت یەکێکە لەهۆکارە بەهێزەکانی هەڵگیرسانی جەنگ.

قۆرخکردن و قۆستنەوەی ئەوەی کە بە ڕەگەزە تێکشکاوەکان (چینەکانی خوارەوە) ناودەبرێت، بووە بەیەکێک لەباسە گەرمەکانی سیاسەتمەداری ئەوروپی. ئەمڕۆ بەتەنیا بازرگانی خاڵی مەبەست نییە، بەڵکو دەرفەتی وەبەرهێنانیش جێگای مەبەستە. لێرەدا سامان (پارە) گرنگترە لە پیشەسازی. زۆرجار دیپلۆماتە دژبەیەکەکان (هەست بکەن یان نا) خزمەتی ساماندارە دژبەیەکەکان دەکەن. سامانداراەکان، ئەگەرچی نەتەوەیەکی تایبەت نین، بەڵام لە هونەری پەنابردن بۆ لایەنگیری نیشتمانی و هاندانی باجدەران بۆ قەرزکردن کە لێیان سوودمەند دەبن، تێدەگەن. ئەو شەڕانەی کە توشی نیشتمانی دەکەن و ئەو ئاژاوانەی کە بڵاوی دەکەنەوە، هیچ نین جگە لە بەشێک لەو باجەی کە دەکەوێتە سەرشانی جیهان لە ئەنجامی نوقمبوون و تاسانی لە سیستەمی سەرمایەداریدا.

بەڵام هیچ کام لە باجی گومرکی و سامانداراەکان نابن بە سەرچاوەی ئەم نەهامەتییە، ئەگەر هەستکردن بە شانازی نەتەوەیی نەبێت، کە دەشێت ئەم شانازییە نەتەوەییە بە سوودبێت ئەگەر بە ئاراستەی پرسە گرنگەکانی شارستانیەت هەنگاو بنێت. ئەگەر شانازیمان بە شاعیرانمان و زانایانمانەوە کرد، یان شانازیمان کرد بە زامنکردنی مرۆڤدۆستی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی لە سیستەمی کۆمەڵایەتیماندا، دەبینین ئەو شانازییە دەبێت بە پاڵنەری چەندین هەوڵدانی بە سوود. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو پرسانەی سەرەوە جگە لە ڕۆڵێکی لاوەکی، کاریگەرییەکی ئەوتۆیان نییە. چونکە شانازی نیشتمانی، وەک ئەوەی ئێستا هەیە، بەدەر لە هێزی جڵەوکردن، زیادبوونی ناوچەکانی ژێردەستی نەتەوەو سەپاندنی ویستی خۆی بەسەر پێشنیازی دەوڵەتانی تردا، گرنگی بە هیچ شتێکی تر نادات، کە ئەمەش ئەخلاقیاتی گروپ بەهێزی دەکات و دەیچەسپێنێت. لە ١٠ هاووڵاتی ٩ کەسیان لەو باوەڕدان کە نەتەوەکەیان لەسەر حەقە کاتێک لەگەڵ نەتەوەیەکی تردا ڕووبەڕوو دەبێتەوە. خۆ ئەگەر لەسەر حەقیش نەبێت، ئەوا بەرگری لە ئایدیاڵێک دەکات، باڵاترە لە ئایدیاڵی دەوڵەتانی دیکە. هەر زیادبوونێکیش لە هێزیدا زیادبوونی هێزی چاکەیە لە جیهاندا. بەو پێیەی کە هەموو دەوڵەتان ئەو بڕوایەیان بە خۆیان هەیە کە هەڵگری باڵاترین ئایدیاڵن، ئەوا هەموویان سوورن لەسەر بردنەوە لە هەر ناکۆکیەکداو هیوایەکی گەورەیان بە سەرکەوتن هەیە. هەتا ئەم هەستەش بەردەوام و بەهێز بێت، ئەوە هەر هیوایەک بۆ ئاشتی و هەماهەنگی جیهانی هیوایەکی لاوازە.

ئەگەر خەڵک خۆیان لەهەستی ڕق و نەیاری بەرامبەر نەتەوە جیاوازەکان ئازاد بکەن، دەبینین ئەو پرسانەی کەنەتەوەکان هاوکاری تیا دەکەن، تای تەرازووی قورسترە لەوانەی لەپێناویدا ململانێ دەکەن و دەرک

دەکەن بەوەی بازرگانی بەجەنگ بەراورد ناکرێت. ئەو کەسەی کاڵاکانی خۆیت پێ دەفرۆشێت، زیانت لێنادات. هیچ کەسێک قەساب و نانەوا بە دوژمنی خۆی نازانێت لەبەرئەوەی کەسەروەت و سامانەکەی لێدەکێشنەوە، بەڵام کاتێک کاڵاکان لەوڵاتێکی بێگانەوە دێن، داوامان لێدەکرێت باوەڕ بەوە بهێنین کە بەو کڕینە برینێکی ترسناک دەکەوێتە جەستەمانەوە. بەڵام کەس ئەوەی لەبیر نییە کە بەناردەنییەکانمان ئەو کاڵایانەمان کڕیووە. ئەو وڵاتەش کە کاڵامان بۆناردووە، وەک مەترسییەک سەیری کاڵاکانمان دەکەن. ئەمە لەکاتێکدا ئەو کاڵایانە لەبیردەکەن کە ئێمە لەوانی دەکڕین. هەربۆیە چەمکی بازرگانی کە لەلایەن ئەو بەرهەمهێنەرانەی کە لەپێشبڕکێی بێگانە دەترسن و ئەو ئیکۆنۆمیستانەش کەبەڤایرۆسی نیشتمانپەروەری ژەهراوی بوون، سەپێنراوە بەسەرماندا، چەمکێکە بەتەواوی مانا ساختەیە. بازرگانی لەئەنجامی دابەشکردنی کارەوە سەرهەڵدەدات. هیچ مرۆڤێک ناتوانێت هەموو ئەو کاڵا و پێداویستیانەی کە پێویستی پێیانە، بەرهەم بهێنێت. لەبەرئەوە پێویستە بەرهەمەکانی لەگەڵ بەرهەمی کەسانی دیکەدا بگۆڕێتەوە. ئەوەی کەبۆ تاکەکان راستە، بۆ دەوڵەتانیش راستە. هیچ پێویست نییە نەتەوەیەک هەموو پێداویستیەکانی خۆی بەرهەم بهێنێت، بەڵکو باشتر وایە پسپۆڕی لەو کاڵایانەدا پەیدا بکات، کە دەتوانێت بەشێوەیەکی باشتر بەرهەمیان بهێنێت. ئەوەشی کە لەپێویستیی بەکاربردن زیادە، لەگەلڕ دەوڵەتانی تردا بەکاڵای تر ئاڵوگۆڕی بکات. ناردنەدەرەوەی شتومەک هیچ سوودێکی نییە ئەگەر ئەو ناردنەدەرەوەیە بۆ هێنانی شتومەکی دیکە نەبێت. ئەو قەسابەی کە دەیەوێت گۆشتەکەی بفرۆشێت، بەڵام نایەوێت نان یان پێڵاو یاخود پۆشاک بکڕێت، بەزوویی خۆی لەدوخێکی شپرزەدا دەبینێتەوە. لە راستیدا بێئەقڵیی ئەم قەسابە بەهان رادەی بێئەقڵیی ئەو پاریزکارەیە، کە هەوڵی پاراستنی نیشتیمانی دەدات و ئارەزووی ناردنەدەرەوەی شتومەکی ناوخۆ دەکات بەبآ دانی نرخی ئەو شتومەکانەی لەدەرەوە دەیانهێنین.



سیستمی کرآ مرۆڤی خستۆتەسەر ئەوە باوەڕەی کە کار شتێکی پێویستە بۆ مرۆڤ. بەدڵنیاییەوە ئەمە پووچیە، چونکە ئەوەی کە پێویستە، شتومەکی بەرهەمی کارە نەک خودی کارکردن. هەتا کار کەم بێت کە بڕی دیاریکراوی شتومەک بەرهەمدەهێنێنت، باشترە. بەهۆی سیستەمی ئابووریمانەوە هەر بەرەوپێشچوونێکی کەرەستەکانی بەرهەمهێنان دەرفەت دەرخسێنێت بۆ خاوەنکارەکان تا ژمارەیەک لە کرێکارەکانیان لەسەر کار لاببەن و لە ئەنجامیشدا دەبێتە هۆی هەژاربوونی خێزانی ئەو کرێکارانە. بەڵام سیستەمی دادپەروەر و پێشکەوتوو ئەو سیستەمەیە، کە بەهۆی کرێی زیادە یان کەمکردنەوەی سەعاتی کارەوە بەبآ کەمکردنەوەی کرآ شتومەک بەرهەم دەهێنێت.

سیستەمی ئابووریمان سیستەمێکی تێکشکاوە. لەهەزار لاوە بەرژەوەندی تاکەکان دەدات بەگژی بەرژەوەندی گروپدا، لەکاتێکدا پێویستە ئەم بەگژیەکدادانە نەبێت. بەڵام لەسایەی سیستەمێکی دادپەروەردا سوودی بازرگانی ئازاد و زیانی باجی گومرکی بۆ هەموولایەک ئاشکرا دەبێت.

سەرەڕای مەسەلەی بازرگانی، دەبینین لە بونیادنانی شارستانییەتدا بەرژەوەندییەکانی نەتەوەکان شانبەشانی یەکدی دەوەستن. دۆزینەوە و داهێنانەکان سوودیان بۆ هەمووان دەبێت و پێشکەوتنی زانستیش گرنگییەکی هاوتای دەبێت بۆ کۆی جیهانی شارستانی. گرنگ نییە زانا ئینگلیزی یان فەرەنسی یاخود ئەڵمانی بێت، چونکە دۆزینەوەکانی بۆ هەموانە و بەتەنیا بلیمەتییەکەی خاڵی مەبەستە بۆ سوودگەیاندن بە هەمووان. جیهانی ئەدەب و هونەرو فێربوون تایبەتمەندیەکی جیهانییان هەیە. ئەوەی کە لە وڵاتێکدا دادەهێنرێت، تەنیا بۆ ئەو وڵاتە نییە، بەڵکو بۆ هەموو رەگەزی مرۆییە. ئەگەر پرسیارمان لەخۆمان کرد: چ شتێک مرۆڤ لە درندەکان جیادەکاتەوە؟ ئەوشتانە چین کە وامان لێدەکەن بڕوا بهێنین بەوەی مرۆڤ بە بەهاترە لە گیاندارانی تر؟ لەوەڵامدا هیچ شتێک نابینینەوە کەبەتەنیا و رەهاییەوە تایبەت بێت بەنەتەوەیەکی دیاریکراو، بەڵکو هەموو ئەوشتانە بەدی دەکەین، کەکۆی جیهان تیایاندا هاوبەشن. ئەو کەسانەی کەگرنگی بەم شتانە دەدەن و بایەخ بەو کارە باشانە دەدەن کەمرۆڤ لەپێناوی جیهاندا دەیانکات، بایەخ و گرنگییەکی کەم بە سنوورە نەتەوەییەکان دەدەن، هەروەها بایەخێکی کەم دەدەن بەو دەوڵەتەی کە بە رێکەوت مرۆڤ دڵسۆزە بۆی.

من لەئەنجامی ئەزموونی تایبەتی خۆم گرنگی هاوکاری جیهانیم لەدەرەوەی چوارچێوەی سیاسەت بۆ دەرکەوتووە. ماوەیەک بەر لە ئێستا سەرقاڵی وتنەوەی زانستێکی تازەبووم کە کەم کەس لەجیهاندا دەتوانن بیلێنەوە. لەکارکردن لەم زانستەدا پشتئەستوور بووم بە دانراوەکانی کەسێکی ئەڵمانی و کەسێکی ئیتالی. قوتابییەکانم خەڵکی وڵاتانی فەرەنسا، ئەڵمانیا، نەمسا، رووسیا، ژاپۆن، چین، هیند و ئەمەریکان. هیچکام لەئێمە هەستی بە دابەشبوونی نەتەوەیی نەدەکرد. بەڵکو هەستمان دەکرد پێشەنگی شارستانیەتەکانین و ڕێگایەکی تازە دەبڕین لەدارستانێکی تازەی نادیاردا. هەموومان لەئەرکێکی هاوبەشدا هاوکاری دەکەین و دوژمنایەتییە دەوڵەتی و نەتەوەیی و سیاسیەکان پووچ و نەزۆک دەهاتنە بەرچاومان.

بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کەهاوکاریکردن لەزانستدا تاکە هۆکاری پێشخستنی هاوکاری جیهانییە. چونکە کێشە ئابوورییەکان و ئەو پرسانەی کە پەیوەستن بەمافی کرێکارانە و مو خوازیاربوونی ئازادی و مرۆڤدۆستی بەگشتی بەر لەهەرشتێک پێویستیان بە نیەتێکی جیهانیی باش هەیە.

هەتا ئەوکاتەی رکەبەرایەتی و ترس و گومان هەستی مرۆڤ لەبەرامبەر یەکتریدا جڵەو بکەن، ناشێت هیواخوازبین بۆ ررزگاربوون لەستەم و توندوتیژی و هێزی وەحشیگەرانە. پێویستە مرۆڤ لەبری بەرژەوەندییە وەهمییە سەپێندراوەکان کە نەتەوەکانیان جیاواز و دابەشکردووە، پەی بە بەرژەوەندییە گشتیەکان ببات، کە هەمووان تیایدا بەشدارن.

هیچ پێویست نییە جیاوازییەکانی نێوان داب و نەریتەکان کە نەتەوەکان لەیەک جیادەکەنەوە، بسڕینەوە. چونکە خودی ئەم جیاوازییانە توانا بە نەتەوەکان دەبەخشن کە ڕەنگێکی تایبەت بۆ سەر کەلەپووری جیهانی زیاد بکەن. ئێمە ئارەزووی گەردوونگەرایی ڕەها و توانەوەی سەرلەبەری تایبەتمەندییە نەتەوەییەکان ناکەین، کە پەیوەست کراون بە رێبەرە گەشتیارییەکان و خزمەتگوزارانی رێگای هاتوچۆ هەرێمی و نێودەوڵەتیەکانەوە... بەهۆی پەیوەندیی بێمانا و چەندجارەی خەڵکانی سەر بە شارستانیەتە جیاوازەکان هەموو شتێکی گرنگ سڕاوەتەوە. گەردوونگەراییە دەرئەنجامی دۆڕاندن و لەدەستدانە نەک بردنەوە. رۆحی گەردوونی کە ئارەزووی بەدیهێنانی دەکەین، رۆحێکە لەپاش خۆشەویستی نیشتیمان بەدی دێت، نەک ئەوەی جێگاکەی بگرێتەوە. وەک چۆن نیشتیمانپەروەری رێگا لەهەستکردن بەخۆشەویستی خێزان ناگرێت، پێویستە رۆحی نێونەتەوەیی رێگا لەهەستی مرۆڤ بۆ نیشتیمانەکەی نەگرێت. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم رۆحی نێونەتەوەییە هەندێک تایبەتمەندیی خۆشەویستی نیشتیمان دەگۆڕێت. ئەو شتانەی کەمرۆڤ ئارەزوویان دەکات بۆ نەتەوەکەی، هەمان ئەو شتانە نین کە دەشێت لەسەر حیسابی ئەوانیتر بەدەست بهێنرێن، بەڵکو شتگەلێکن سوود بەهەموو جیهان دەگەیەنن. بەم پێیە مرۆڤ خوازیار دەبێت وڵاتەکەی لەهونەری ئاشتیدا بەهرەمەند بێت، لەپرسەکانی فکر و زانستدا پێگەی بەرزبێت و دڵفراوان و دادپەروەر و میهرەبان بێت. خوازیاری هاوکاریکردنی مرۆڤایەتیە بۆ گەیشتن بەجیهانێکی باشتری ئازادی و هاوکاری نێونەتەوەیی، کەپێویستە ئەم جیهانە بەدیبهێنرێت و خۆشی و شادی مرۆڤی تیادا بەدی بهێنرێت. جیهانێک کە بە نەهاتنەدی و بەدینەهێنانی ناشێت تەمەنای بەختەوەری مرۆڤ بکەین. مرۆڤ تەمەنا ناکات کە دەوڵەتەکەی لەخاوەندارێتیە بەرتەسکەکاندا سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، بەڵکو ئارەزووی سەرکەوتنێکی هەمیشەیی دەکات لەدرێژکردنی دەستی یارمەتی و قووڵکردنەوەی رۆحی برایەتی لەکاروبارە مرۆیەکاندا کەحەزرەتی مەسیح فێری کردووە و کەنیسەکان لەبیریان کردووە. ئەم رۆحی برایەتییە بەتەنیا ئەخلاقێکی باڵا بەرجەستە ناکات، بەڵکو هاوکات راستەقینەترین حیکمەتیش بەرجەستە دەکات. ئەم رێگایەش تەنیا رێگایەکە کە ئەگەر نەتەوە خوێنڕژاوەکان (کەهۆکارەکەی شێتییەکی زانستیە) بیگرنەبەر، ئەوە دەتوانن بگەن بە ژیانێک، کە گەشەکردن تیایدا لەتوانادایە و ئەرکە ناڕاست و فریودەرەکان نابن بەهۆی لەناوبردنی بەختەوەری. ئەو ئەرکانەی کە لە رقەوە سەرچاوە دەگرن، ناچارنین جێبەجێیان بکەین، هەرچەندە ئەم جێبەجێنەکردنە ئازار و قوربانیدان بەدوای خۆیدا بهێنێت. پێویستە تەنیا لەکردەوەی خۆشەویستانەدا ژیان و جیهانخوازی بدۆزرێنەوە.

ماڵپەڕەی : رۆشنگەری

# لەکوێدا هەموو ڕەوەندی کورد دەبێتە ژن کوژ؟....

ناهید موکری - سوید



کێشەی پیاو مەزنی .کێشەیەکی گشتگیر و جیهانیە هەر میللەتێک بەپێی کراوەیی و داخراوی و پێشەکەوتن و چەقبەستنی نەریت و سیستەمی وڵاتەکەی بەشی خۆی بەردەکەوێت، بەواتایک میللەت و وڵاتێک نییە کە کەم تازۆر ژنانی گرفتاری کێشەی پیاو مەزنی نەبن و پیاوانیان لە حەوڵی بەردەوام بۆ سالار بوون بوەستن.

بەداخەوە نەتەوەی ئێمەش وەک کورد لەم گرفتارییەی ژنان، بەشی هەرەگەورەی بۆخۆی بردووە و پیاوانی خەریکە دەبنە سەرمەشقی ناوبانگی زوڵم و زۆر لە ژنان!.

لەمەڕ پرس و کێشەو گرفتی ژن قسەگەلێکی زۆر کراون، زۆر ژنی چالاک و بگرە پیاوی ئینسانذۆستیش رای خۆیان هەبووە، بۆیە نامهەوێ لەم کورتە بابەتەدا ورد بوونەوەی زیاتر لەسەر ئەو باسە بکەم، ئەوەی من لێرەدا مەبەستمە ئیشارەی پێ بکەم، دەکرێ بڵێی قسەکردنە لەسەر ئەو گرفتە کە لە پرسە ئینسانییەکەوە سەر دەکات و دەبێتە گرفتێکی نەتەوەیی و نەتەوەیەک دەکاتە ژنکوژ. قسەکردنە لە کێشەکە لەو مەوقیعەی کە دیاردەی قیزەونی توندوتیژی بەرانبەر بەژنان و ژنکوژی دەکاتە ناسنامەی کولی کورد و وەک مۆرکێک لەنێوچاوانی کوردستانی دەدات و وەک ناسنامەیەک دەیخاتە گیرفانی هەموو کورد.

بەهۆی ئەوەی کورد تاکو ئێستا خاوەنی کیان و خۆ بەڕێوەبردنێکی سەربەخۆ نەبووە و دەوڵەتانی داپلوسێنەر و زاڵم لە لایەک و، لە لایەکی تریش تاکوئێستا شوێنکەوتەی مەزهەب و دینە بۆ بەڕێوەبردنی ژیان ڕۆژانەو ڕێساکانی، نەریتی کورد توشی کوێرەوەری و داخران و چەق بەستنێک بووە، کە ژن تێیدا نەک ئینسان نییە، بەڵکو کۆیلەیەکی دەستی پیاوو نێچیرێکە بۆ سەربڕین و قوربانی، لەبارێکی تریشەوە هەمان نەریت دیسان پیاوان دەکاتەوە کۆیلەو هەرچی سەروەری ئینسان و وجودی پیاو هەیە وابەستەی دەکات بە بچوکترین کرداری ژنەوە، بەشێوەیەک کەمترین و بچوکترین ئازادی فیزیکی ژن، لای پیاوە کەمفکرەکان یەکسان دەکات بە هەرەشە لەسەر وجودی پیاو، ئەم نەریتە بۆتە قوتابخانەی پێگەیاندنی نەوەی کورد، نەوە لەدوای نەوە گۆش دەکات و بەردەوامی پێدەدرێت، بەشێوەیەک پیاوانێک توش بەچەقبەستووی مێشک و بیرکردنەوەیەک دەکات، کە لەهیچ جێیەکی دنیا توانای کرانەوەیان بەرووی ئینسان بووندا نییەو هەزمی هاوبەشی ژن لەژیان و وەک ئینسان مامەڵەکردنیان لەگەڵ ژندا پێناکرێت، بۆیە هەر ئەو جۆرەی لەناوخۆی وڵاتەکەی خۆیان پیاو گەلێک هەن کە دەستیان سوورە بەخوێنی ژنانی دەوروبەری خۆیان ناوچاوانی وڵاتەکەشیان ڕەشکردووە بەکردارەکانیان، لەدەرەوە و لەناو وڵاتە پێشکەوتووەکانی دنیاشدا پیاو گەلێکی کورد هەن، کە لەهەمان دۆخی چەقبەستووی ئەوێدا گوزەر دەکەن و توانای تێپەڕبونیان نییە بەسەریدا، ئەمانە بەکردە نامرۆڤانەکانیان دەرحەق بەژن، نە تەنیا ناوی وڵاتەکەیان لەژن کوشتن ڕەشتر دەکەن، بگرە ناسنامەی ژنکوژیش دەخەنە گیرفانی هەرچی تاکی کورد هەیە بە مرۆڤ دۆستەکانیشەوە.

کە خاڵی جەوهەری ئەو باسەی من دەمهەوێ هەندێ لەسەری بدوێم، کە پێمان دەڵێ لەکوێدا هەموو ڕەوەندی کورد دەبێتە ژن کوژ، کردارو ئاکامی کرداری ئەو پیاوانەیە؟.

بەڵام کاتێک باس لەوە دەکەم کە کورد بەهۆی ئەوەی نەبۆتە خاوەنی کیانی خۆی و لە لایەن نەیەرانی هەلومەرجی گەشە کردنی لێ زەوت کراوە، ئەوەشم لەیاد ناچێت کە نزیک بە ٢٠ ساڵە لەباشوری کوردستان کورد ئیدارەیی خۆبەڕێوەبەری هەیە، بەڵام نەیتوانیوە پلان و ڕێچارەی پێویست بۆ گرفتی بەکەم سەیرکردنی ژن و توندوتیژی دەرەهەق بەژن بخاتەڕوو و ئەو دیاردەیە بنبڕبکات، یا لانی کەم ڕێژیی ئەو دیاردەیە تا حەدێکی بەرچاو کەم بکاتەوە!!.

لەکاتێکدا کە ژنکوژی و ژن کوشتن تاکو ئەمرۆشی لەگەڵدا بێت، گەورەترین کاریگەری نێگەتیوی لەسەر ناوبانگی کورد داناوە.

لەناو خۆی کوردستان پلانی ورد و کاریگەر نییە، بۆ ڕێگری لەژن کوژی و کەمبینینی ژن، ڕێکخراوەکانی ژنان چالاکن، پیاوی ژن دۆست و مرۆڤدۆستیش بونی هەیە، بەڵام مادام لە سیستەمی پەروەدە و روئیای سیاسی وڵاتدا کار نییە بۆ ناسینی ئینسان وەک ئینسان و ژن وەک هاوبەشی پیاو لەژیان و وڵاتدا، ئەنجامی کارەکان بە قازانجی ئینسان و ژن ناچنە پێش.لەهەموو ئەوانەش خراپتر، تاکو ئێستاش یاساکانی ئەو وڵاتە لەسەر بنەمای دین و تەفسیراتی دین دادەنرێت، لەوەها یاسایەکیشدا بێگومان کرانەوە نە تەنیا ئاسان نییە، بەڵکو دەبێتە کاری ئەستەم.

بەڵام کێشەی هەرە مەترسیدار، کە گرفتی ژنکوژی گەورەتر و نامۆتر و بێ پەردەو وەک خۆی پیشاندەدات، ئەوەی کە زەنگی مەترسی بەکەمزانی ژن لەناوکورددا کاریگەرتر لێدەدات و ئاشکراتری دەکات، ئەوەی پێمان دەڵێت نەریتی وڵاتی ئێمە ئینسان گەلێک باردێنێ کە لەئەنجامدا کرانەوەی بەرویی ئینسان بووندا ئاسان نییە، کاری پیاوە کوردە ژن کوژەکانی تاراوگەن، ئەوانەی لەوڵاتە پێشکەوتووەکاندا دەژین، کە لەناو میللەتانی دنیا سەسوڕمان دەخولقێنن بۆ هەموو دەوروبەرە بێگانەکانیان، کە ئاخۆ ئەمانە لەکوێ هاتوون؟ کام نەریت باری هێناون؟ کە لەناو ئەم وڵاتانەی ژن تێیدا وەک ئینسان دەژی، کوشتن تێیدا یاساغ و بەدرەفتاری لە گەڵ ژن لەمرۆڤ دەرچوونە، ئەمان خەریک بەژن کوشتنن؟!.

لە ئەورپا خێزانگەلێکی کورد هەن کە ئەو جۆرە پیاوانە خاوەنداریتیان دەکەن و لەم وڵاتە پێشکەوتوانەش ماڵەکانیان وەک زینداێکی لێهاتووە بۆ کچە گەنجەکانیان، توش بەدەیان گرفتی دەرونیان دەکەن و لەئەنگەری یاخی بوونی کچەکش ئامادەن تا ئەوپەڕی توندوتیژی دەهەمبەر بنوێنن.کەم نین ئەو پیاوە کوردانەش دەبنە سەردێڕی ڕۆژنامە گەورەو جیهانییەکان کە لەوڵاتانی پێشکەوتوو پەنا دەبەنە بەر ژنکوشتن و توندوتیژی بەرانبەر کچ و ژنەکانیان، ئەوانە ڕێژەکانیان گەشتۆتە ئاستێک کە خەریکە دەگاتە ئەوەی ئەم ئینسان کوژییە بکەنە ناسنامەیەک بۆ کورد لای بیانیەکان و بیخەنە گیرفانی هەرکوردێکەوە، کێشەکە لێرەوە دەستپێدەکات کە بەهۆی کردەوەی نامرۆڤانەی هەندێ پیاوی کورد بەرانبەر بەژن، کە حەقیقەتەن کەمیش نین، خەریکە ناسنامەی ژنکوژی بەحەموو تاکی کۆمەڵی کوردی دەدرێت و هەموو پیاوی کورد وەک ژن کوژ و حەمو ژنی کورد بە ژێر چەپۆکە و بێ ئیرادە و قوربانی دەناسرێن، لەهەمانکاتیشدا دەزگاو تاکەکانی کۆمەڵی کورد لە ناو خۆ و دەرەوەی وڵات، بێ جم و جۆڵێکی ئەوتۆ و دانیشتوون بەدیار هەندێ بەرنامەو شێوازی چالاکی سواو لەدژی ئەو کردەوە نا ئینسانیانە کە هیچ تناسب و سنخییەتێکی دەگەڵ ڕێژەی کێشەکە نییە، خودی کێشەکە بەردەوامی پێدەدرێت و گەورەتریشی دەکات!.

ئەوەی لێرە وا دەکات هەرتاکێکی کورد لەئەورپا هەست بەلێپرسراوی بکات، بەرانبەر ئەم دیاردەیە، بەدەرەجەی یەک ئینسان بونیەتی، چونکە ناکرێ ئێمە بێ دەنگ بین بەرانبەر ئەم کردارە نائینسانیانە، ئەوەش بزانین لەکاتی بێدەنگ بونمان لە کوشتنی ئینسانێک، لە ڕشتنی خوێنی ژنێک، لەکوت و بەند کردنی کچێکی گەنج، لە بێ بەشکردنی کچێکی تازە پێگەشتووی کورد لەئەورپا لەو ئازادیانەی کە هاوڕێکانی وەک ئینسان هەیانە، دەبێت گومان لە ئینسان بونی خۆمان بکەین.

حەتا ئەگەر لە ئەرکە هەرە گەورەکەش، کە دژایەتی ئەو دیاردانەیە وەک ئەرکی ئینسان بوون دەرپچین و بچینە سەر ئەرکە لاوەکیەکانی تر کە هاوبەشبوونە لەتاوانەکە، دیسان بەرپرسیارەتی دەخاتە ئەستۆی هەر تاکێکی کورد لەکۆمەڵی کوردیدا لە وڵاتانی دەرەوە، کە هەوڵ بدات تا جێ دەستی هەبێت چالاک بێت بۆ بنبڕکردنی دیاردەی ژنکوژی، چونکە هەوڵ نەدان بۆ وەستاندنی ئەم خەتەرە لە لەسەر ئینسان و ژنی کورد، بە

ئەوعێک بەشداربوونە لەتاوانەکە، رەنگە زۆربەمان وابیر بکەینەوە کە نەخێر ئێمە بەهۆی ئەوەی چالاک لەبواری مافی ئینسانین، رێزدەگرین لە خێزانی خۆمان و لەکچەکانی خۆمان، بەشداری ئەم تاوانەنین، بێ ئاگا لەوەی ئەوە پیاوە داخراوەکانن تاوان دەکەن و لە ئەنجامیشدا بەهۆی بڵاوبونەوەی ناوی وەک کوردێکی ژن کوژ، هەموو کورد بە ژن کوژ دەناسرێت، هەموو تاکی کوردیش بەو هۆیە ناسنامە ژنکوژی دەخرێتە گیرفانی، لایەکی تر ئەگەر زۆرێک لەخەڵکی کورد لەکوردستاندا بە بیانوی ئەوەی کە ئەوەی روویداوە ئەو ژن کوژییە لەخێزانی ئەوان نییە و بەوهۆیەوە چاوپۆشی لە تاوانێکی گەورەی ئینسانی بکەن و چاو لە ئەرکی ئینسانی خۆیان بپۆشن، لە وڵاتانی دەرەوە کورد ئەم بیانوەشی دەستناکەوێت، چونکە کۆمەڵی هەر نەتەوەیەکی کۆچبەر یان پەنابەر لەوڵاتانی بیانیدا، ئەگەرچی پرش و بڵاویش بن ناسنامەکەیان وەک ناسنامەیەکی خێزانی لێ دێت، کاتێک کوردێک تاوانێک دەکات، دەوروبەرە بێگانەکەت وەک کوردێک لەبارەیەوە پرسیارت لێ دەکەن و ئەگەر نەشپرسن روانینان بۆت هەمان پرسیاری تێدایە، بۆیە لێرەوە بۆ ئەوەی کوردانی دەرەوە هەموو ئینساندۆستانە مامەڵەبکەین پێویستە تاک بەتاکمان بەئەرکی ئینسانی خۆمان هەستین و هاوکاربین بۆ بنبڕکردنی دیاردەی ژن کوژی، دیاردەی توندوتیژی خێزانی، دیاردەی سنوردارکردنی ئازادی کچەکانمان و بێ بەشکردنیان لەو ئازادیانەی هاوڕێکانیان هەیانە، لەپێناو دروستکردنی ژیانی بەرابەرو و یەکسان وسەلماندنی بڕوامان بەوەی کە باوەڕمان بە پیرۆزی ئینسان و یەکسانی ژن و پیاو هەیە، پێویستە بەتوندی رەتی ئەو ناسنامەی ژن کوژی بکەینەوە کە ژن کوژەکان دەیخنە جانتای شان و گیرفانی هەموو تاکێکی کۆمەڵی کوردی، ئەویش بەدروستکردنی کاری هاوبەش و گەران بەدوای رێگاچارەی پێویست بۆ ئەو گرفت و دیاردە قێزەونە.

ماڵپەری کوردستان نێت

============================== ========================== =========================

# کێشە هەنووکەییەکانی ژنانی رۆژهەڵاتی کوردستان و پێشنیازەکان

حەلیمە رەسووڵی

ماوەی چەندەها ساڵە کە باس لە کێشەکانی ژنان دەکرێ و لە لایەن شارەزایانی بواری ژنانەوە دەستنیشان دەکرێن و دیالۆگیان لە سەر دەکرێ . بۆ هەمووان روون و ئاشکرایە کە کێشەکانی ژنان کێشەی سەرەکیی هەموو کۆمەڵگای مرۆڤایەتییە و هەتا ئەو کێشانەش چارەسەر نەکرێن ناتوانین باس لە ئازادیی کۆمەڵگا بکەین ، جیا لە مانەش دەزانین کە زۆربەی هەرە زۆری نەهامەتییەکانی ئێمەی ژن هەر لە بناغەوە بە هۆی سیستمی زاڵی کۆمەڵگاوە واتە سیستمی پیاوسالارو سەرەڕۆوە خوڵقاون . ئەگەر سەیری ئێستا و ڕابردووی خۆمان بکەین دەبینین کە رێژەی تاوان، کوشتن، دەستدرێژی و توندوتیژی، خۆسوتاندن، لەشفرۆشی، خەتەنەکردن و ئیعتیاد بە مادە هۆشبەرەکان و بە دەیان خەساری دیکە بەردەوام روولە زیاد بوون دایە و برینەکان نەک بە گوێرەی پێویست سارێژ نابنەوە بەڵکوو قووڵ و قووڵتر دەبنەوە . دەرەنجامەکان و ئەو باس و خواستانەی کە لە سەر دۆزی ژن دەکرێ کەم و زۆر سەرنجی جەماوەر بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ و خاڵی سەرەکیی کێشەکان دۆزراوەتەوە. لێرەدا دەمەوێ باس لەو تەوەرە بکەم کە بۆ باش بوونی ئەم بارودۆخە و کردنەوەی گرێ کوێرەکان پێویستە چی بکرێ و ئەگەر پرسێک بە ناوی بزووتنەوەی ژنی کورد لە ئارا دایە چەندە خواست و چاوەڕوانیەکانی ژنانی بە ئەنجام گەیاندوە.



بە هۆی خەفەقانی سیاسی و فەزای پۆلیسی لە کوردستان دا، دەور گێڕانی چالاکانی ژنان زۆر ئەستەمە. هەر بۆیە بە باوەڕم میکانیزمی بەردەوامیو کۆڵنەدان پێویستە و کەسایەتییە پێشکەوتنخوازەکانی ژنان ئەگەر بێت و لە بەرەیەکی یەکگرتوودا چالاکی بنوێنن دەرفەتی هەڵسووڕانیان باشتر بۆ دەڕەخسێ، هەڵبەت لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان و بە ژنانی ریزەکانی ئەحزاب و بزووتنەوە ناسیۆنالیستیەکانیشەوە، بەواتایەکی تر ئەگەر حیزبەکانی کوردستان نەیانتوانیوە لە دەوری ستراتیژیەکی هاوبەشی کوردستانی و لەژێر چەترێکی هاوپەیمانی دا کۆ ببنەوە ئەوە ژنی کوردە دەبێت پێشەنگ وهاندەر و ڕێگەخۆشکەری هاودەنگی بێت. . حاشا لەوە ناکری کەچالاکانی مەدەنی و کەسانی غەم خۆر و دڵسۆز چ بە تاک و چ بە کۆ هەن و کار دەکەن و تا ڕادەیەک داواکانیان بەرز دەکەنەوە. بۆ نموونە ئەو رۆڵەی کەچالاکانی ژنان لە پاش ئەو تاوانە قێزەونەی کە بەسەر سوومەیە کچە خوێندکاری خەڵکی بۆکان ماوەیەک بەر لە ئێستاهات گێڕایان، هەنگاوێکی بوێرانە بوو . شیاوی باسە کە سومەیە ئەو کچە بوو کە رۆژی 5 شەممە ڕێکەوتی 12ی ئاوریلی 2012ی زایینی بەرابەر بە 24ی خاکەلێوەی 1391ی هەتاوی لە پارکی ساحلیی شاری بۆکان تەرمەکەی دۆزرایەوە. بەپێی هەواڵەکان ماوەی حەوتوویەک سومەیەی خوێندکاری تەمەن 18 ساڵان دیار نامێنێت و ناچێتەوە مالی خۆی تا سەرەنجام لە پارکی ساحلیی بۆکان تەرمەکەی دەبیندرێتەوە و ئاسەواری دەستدرێژی و پاشان خنکاندنی لە سەر دیار دەبێت. پاش ئەو رووداوە ڕەخنە و گازندەی چالاکانی ژن لە ئاست دەسەڵاتدا! بوو بە هۆی دەنگدانەوەی ئەو ڕووداوە لە ئاستێکی بەربڵاوی میدیایی دا، بەڵام فشارو قورسایی نەبووە بۆ سەر دەسەڵات لە کوردستاندا . دڵنیام ئەگەر ئەوکارەی کە لە لایەن ژنانی چالاکی بۆکان کرا لە باقی شارەکانی دیکەی کوردستانیش لە لایەن ژنانەوە بە شێوەی ڕێپێوانێکی فراوان پشتیوانی لێکرابا زۆر دەسکەوتی باشتری بە دواوە دەبوو. هەڵسوراوانی ژن و بزووتنەوەی ژنان پێویستە نەریتی کاری هاوبەش و هاودەنگ بوونیان لەسەر خاڵە هاوبەشەکان پتر لە ڕابردوو بێت و بە یەکرێزی کەلێن و بۆشاییەکانی نێوان خۆیان پڕ بکەنەوەو رەوشێکی تازە بگرنەبەر . دیارە کە بۆ هەموو ئەمانەش هەر وەک ئاماژەم پێدا سەبر و بەردەوامی پێویستە بەو هۆیەکە لەو ڕێگایەدا هەر وەک تا ئێستاش دیتراوە چالاکانی ژن لە رۆژهەلاتی کوردستان لەگەڵ سەرکوت و گوشارێکی زۆر بەرەوڕوو بوونەتەوە و زۆر جاران ڕاپێچی بەندیخانەکانی کۆماری ئیسلامی کراون. زەبروزەنگی کۆماری ئیسلامی هەر لەسەرەتای هاتنە سەر کاریەوە تا ئێستاکە بەردەوامە و تا ئێستاشی لەگەڵ بێ کۆماری ئیسلامی بڕوای بە یەکسانیی ژن وپیاو نییە و هەرگیز دانی بە مافەکانی ژن دا نەهێناوەوهەمووکات هەوڵی پەراوێز خستنی ژنانی داوەو وتا ئێستاش بڕیارەکانی کۆنوانسیۆنی جیهانی دژ بە چەوسانەوەی ژنانی ئیمزا نەکردوە . کەواتە لە وەها بارودۆخێکدا بوونی ژنانی ئازادیخواز و فیمینیست و بە ورە و یەکدەنگ و بە دوور لە پەرتەوازەیی لە بەرانبەر ئاستەنگەکاندا ئەمرێکی پێویستە. لە کۆتایی دا جەخت لە سەر ئەمە دەکەمەوەکە بە هاودەنگیەوە ژنان دەتوانن رۆڵیکی کاریگەرتریان هەبێت و بێ گومان ئەمەش لە بەرژەوەندی خەبات و بزووتنەوەی یەکسانیخوازی دایە .

ماڵپەری کوردستان و کورد

# ئازادیی ڕۆژنامەگەری

نووسینی مستەفا رابەر

## مێژووی سەرهەڵدانی رۆژنامەگەری

داهێنانی ئامێری چاپ لە سەدەی پانزەهەمی زایینیدا لە سەردەستی مسگەرێکی ئەڵمانی یوحەنان گۆتەنبەرگ داهێنراوە. گۆتەنبرگ (١٣٩٨ - ١٤٦٨) لەو داهێنانەیدا هیچ سود و دەسکەوتێکی پێنەبڕاوە لەبەر سەرقاڵی و دەستکورتی. کاتێ کتێبی ئینجیلی (کتێبی پیرۆزی ئایینی خاچ پەرەستی) لە چاپ داوە تەنانەت بیری چوە ناوی خۆشی لەسەر تۆمار بکات. بەر لە گۆتەنبرگ هەوڵێکی تریش لە لایەن بازرگانێکی چینی بەناوی بی شینگ (٩٩٠ - ١٠٥١) هەبووە. بەو داهێنانەی گۆتەنبرگ شۆڕشێکی مەزن لە هەموو بوارەکانی ژیاندا دروست بوو. چاپ ڕۆڵێکی ئێجگار گرینگی بینی لە بەرەوپێشوەچوونی شارستانییەت لە سەرانسەری دونیادا. ماوەیەک پاش ئەو داهینانە، گۆڤار و ڕۆژنامە بەشێوەیەکی رێکوپێک چاپ و بڵاو کرانەوە.



لەساڵی ١٩٣٨لێکۆلەرەوەی ئەڵمانی ئۆتۆگروت ئەم پێنج مەرجەی داناوە بۆ جیاکردنەوەی ڕۆژنامە لە شێوەکانی تری ڕاگەیاندن:

١- بە شێوەیەکی دەوری، لانیکەم حەوتووی جارێک دەربچیت.
٢- چارەسەری کێشە هەنوکەییەکانی سەردەمی خۆی بکات.
٣- بە ئامێری چاپ بنوسرێت.
٤- هەمو کەسێک بتوانی بە پارەی خۆی دەستی بکەویت.
٥- پیویستە ناوەرۆکی هەمە جۆرِ پێوەندی بە چین و توێژەکانی کۆمەڵانی خەڵکەوە بیت.

یەکەم هەفتەنامە لە میژوودا لە شاری ستراسبۆرگ بە ناوی پێوەندی (بە ئینگلیزی: **Relation**) لەساڵی ١٦٠٩ لەلایەن جۆن کارلۆس چاپ و بڵاوکراوەتەوە، هەروەها یەکەم ڕۆژنامەی رۆژانە لە لەندەن بەناوی دەیلی کرانت لە ڕۆژی ١١ی ئازاری ١٧٠٢دا لەسەر دەستی ئیدوارد کرانت چاپ و بڵاوکراوەتەوە.
لە رۆژی ٢٢ی نیسانی ١٨٩٨میقداد مدحەت بەدرخان لە شاری قاهیرەی میسر دەرگایەکی پرمەینەت و زەحمەت، بەڵام دەرگایەکی شارستانی بۆ گەڵە ستەم دیدەکەی خۆی خستە سەرپشت و یەکەم ڕۆژنامەی کوردی بەناوی کوردستان دامەزراند. لەو رۆژەوە کاروانی خەبات و تێکۆشان بەرێوەیە بۆ بەدیهێنانی ئاوات و ئامانجەکانی بەدرخان بۆ ئازادی و رزگاری کورد و کوردستان.
بەپێی سەرچاوەکان ئەو ڕۆژنامە سێ هەزار دانەی لێ چاپ دەکرا ٢٠٠٠ دانەی بەخۆڕایی لە کوردستان لێ دابەش دەکرا. ئەگەرچی دەرچواندنی ڕۆژنامەی کوردستان لە قاهیرە دوور لە خاک و خەڵکی ستەم لێکراوی کورد بە هۆی زۆڵم و فشاری ناحەزانی گەلی کورد بووە چەندین جاریش جێگۆرکێی پێکراوە، ئەو پیشەیە ئەگەر لە مێژوودا بە ناوی « پیشەی گەڕان بە دوای سەرئێشەدا» ناوی دەرکردبێت رۆژنامەوانیی کوردی تا ئەمرۆش گەڕان بووە بە دوای مەرگدا!!

### هەندێک لە شۆڕەسوارەکانی مەیدانی رۆژنامەوانی کوردی، ئەوانەی کۆچی دواییان کردوە:

* میقداد مەدحەت بەدرخان خاوەنی «رۆژنامەی کوردستان» ١٨٩٨
* عەبدول کەریم ئەفەندی خاوەنی «گۆڤاری ڕۆژی کورد» ١٩١٣
* مستەفا پاشا یامولکی خاوەنی «گۆڤاری بانگی کوردستان» ١٩٢٢
* مێژوونووس حوسێن حوزنی موکریانی خاوەنی «گۆڤاری زاری کرمانجی» ١٩٢٦
* ماموستا ئیبراهیم ئەحمەد خاوەنی «گۆڤاری گەلاوێژ» ١٩٣٩
* ماموستا عەلائەدین سەجادی خاوەنی «گۆڤاری نزار»
* ماموستا ئەنوەر مائی خاوەنی «گۆڤاری رۆناهی»
* پیرەمیردی شاعیر خاوەنی «رۆژانەی ژین»
* مەلا شەریف ڕەنگەرێژی خاوەنی «رۆژنامەی ئازادی» ١٩٤٥
* ماموستا گیو موکریانی خاوەنی «گۆڤاری هەتاو١٩٥٤

جگە لە سەدان نووسەر و ڕۆشنبیر و هونەرمەند دڵسۆزانە لە ڕۆژگاری خۆیدا بەشداری کردووە لە گەشە پێدانی ڕۆژنامەوانی کوردیدا وەکوو ماموستا عەبدوڵا گۆران، مەعرووف بەرزنجی، غەفور میرزا کەریم، جەلالی میرزا کەریم، ئەمینی میرزا کەریم، ئەحمەد غەفوور، مەلا ئەنوەر مائی، شاعیری بەناوبانگ قانع، ماموستا شاکر فەتاح، محەمەد تۆفیق وردی، محەمەد مەولود مەم، سالح حەیدەری و دەیانی تر.

## ڕۆژنامەگەری، دەستەلاتی چوارەم

وەکوو لە ماڵپەڕی «جوریس پیدیا» باسکراوە، بنەماکانی دەوڵەت لەسەر سێ کۆڵەکەی بنەڕەتی دامەزراوە:

١- گەل یان نەتەوە

٢- .هەریم یان نیشتمان

٣- دەستەڵاتی سیاسی

## دەستەڵاتی سیاسی بریتیە لە:

١- دەستەڵاتی یاسا دانان

٢- دەستەڵاتی جێبەجی کردن

٣- دەستەلاتی دادوەری

لەبەر ئەوەی ڕۆژنامەوانی بە گشتی ڕۆلی کاریگەری هەیە لە هۆشیار کردنەوە و ڕینومایی کردنی تاکەکانی کۆمەڵ و دروستکردنی ڕای گشتی و گۆڕانکاری لە یاساکان. چونکە ڕۆژنامەوانی وەکو ئاوێنەیەک وایە؛ بار و ڕەوتی کۆمەڵگا بەردەوام ڕەنگی تیا ئەداتەوە کاریگەری راستەوخۆی هەیە لەسەر هەموارکردن و گواستنەوەی ڕای خەڵک لە سەر شێوازی دەسەڵات و پەردە لادان لەسەر کەم و کوڕیەکان و بەدوادا چونەوەیان بۆیەش ناوی نراوە دەستەڵاتی چوارەم.



## جۆرەکانی ڕۆژنامەوانی

ڕۆژنامەوانی

ئاشکرا

نهێنی

حوکوومی

حیزبی

ئەهلی

شار

شاخ

ڕۆژنامەوانی سەرکاغەز

ڕۆژنامەوانی ئەلەکترۆنی

## تێبینی

بەگشتی هەمو جۆرەکانی ڕۆژنامەوانیی کورد لە قەیراندایە؛ میدیای حیزبی زاڵە بە سەر میدیای ئازاد. جاران خوینەر بە چرای گەنەگەرچک لە دوای ڕۆژنامەی حیزبەکان دەگەرا کەچی ئێستا چەمۆلەی لێدەگرن. لە وڵاتە پێش کەوتووەکانی دونیا حیزب ڕۆژنامەی تایبەتی نییە بەڵکوو ڕۆژنامەی نزیک لە حیزب هەیە، سەربەخۆیە؛ پانتایەکی بچوکی حیزبایەتی تیایە بەلام لای خۆمان ڕۆژنامەی حیزبەکان زۆرە خوێنەری کەمە لەگەل ڕێزمدا بۆ ئەوکەسانەی لە ڕۆژنامەی حیزبەکان کار دەکەن کرێکارن دەبی بە پێی مەزاجی خاوەنکار وشەسازیان بۆ بکەن وێنە و چاو پێکەوتنیان بلاو بکەنەوە. ئەمڕۆ هاوکێشەی نێوان ڕۆژنامەنووسی بەدبەخت و سەرکردەی دەست ڕۆیشتوی ناو حیزب بەم شێوەیە: ڕۆژنامە نوس ئەگەر ڕەخنەی لێ بگری و فەرامۆشی بکات سەرکردە حەز لە چاری ناکات و لێی خۆش نابیت ڕەنگە نانیشی ببرێت، بەسەرەکەیتر ئەگەر ڕۆژنامەنوس مەرای بۆبکات دەست خۆشی لە کارە نارەوکانی بکات سەرکردە لە بیری ناکات پاداشی ئەداتێ و پشتگیری دەکات. بەڵام ڕۆژنامەگەر ڕاستگۆیی و متمانەی خوێندەواری خۆی لەدەست ئەدات.

ڕۆژنامە و ماڵپەڕی حیزبەکانی کوردستان بریتیە لە تایم تەیبلی تەشریفاتی خاوەنی حیزب و کەتەلۆگی وێنەی سەردانەکانی بۆ سەیران و سەردان و مێوانداری دۆست وئەحباب، دەبوایە ئەو جۆرە ڕۆژنامانەی حیزب بە خۆرایی ببەخشرانەوە لاپەرەکانی زلتر بوایە.

سەرچاوە :

لە ویکیپیدیا، ئینسایکلۆپیدیای ئازاد

# کورتە مێژووی وڵاتی فەرانسە

لە ویکیپیدیا، ئینسایکلۆپیدیای ئازاد

ئەم وتارە لەوانەیە پێویستی بە خاوێنکردن هەبێت تا بگاتە شێوازی ستانداردی نووسین. (بەکارهێنانی ڕێنوێنیە وردترەکانی خاوێنکردن لەبەر چاو بگرە.) تکایە ئەگەر دەتوانی، یارمەتیی پەرەپێدانی ئەم وتارە بدە. لەوانەیە پەڕەی وتووێژ پێشنیاری گونجاوی لە خۆ گرتبێت.




**کۆماری فەرەنسا یان فەرەنسا** بەفەرەنسی پێی دەوترێت (République française یان France)، ئەم وڵاتە دەکەوێتە (ئەورووپای خۆرئاوا)، لەکۆمەڵێک دورگەو زەوی دوای دەریاکان کە دەکەونە کیشوەری ترەوە، فەرەنسا لەدەریای ( سپی ناوەڕاست)ەوە درێژ دەبێتەوە بۆ نۆکەندی (ئینگلیزی)و دەریای (باکور)، هەروەها لەڕووباری (ڕاین)ەوە بۆ زەریای (ئەتڵەسی)، فەرەنسا بەهۆی شێوەو پێکهاتەیەوە ناسراوە بە(شەش لا) ، فەرەنسا هاوسنورە لەگەڵ (شانشینی یەکگرتوو، بەلجیکا، لۆکسەمبۆرگ، ئەڵمانیا، سویسرا، ئیتالیا، مۆناکۆ، ئەندۆراو ئیسپانیا ) هەروەها لەسنوری دەرەوە واتە لەدورگەو زەویەکانی تر دراوسێی هەریەکە لە(بەڕازیل، سۆرێنام و دورگەکانی ئەنتێلی هۆڵەندیە) . فەرەنسا یەکێکە لە دامەزرێنەرانی (یەکێتی ئەوروپا)و ڕووبەریشی لەهەموان زیاترەو ئەندامی دامەزرێنەری (نەتەوە یەکگرتووەکان)یش ە، هەروەها فەرەنسا یەکێکە لەپێنج ئەندامە هەمیشەیەکەی (ئەنجومەنی ئاسایش) کە پاشکۆی (نەتەوە یەکگرتووەکان)ەو مافی (ڤیتۆ)ی هەیە، یەکێکیشە لەو (٩) وڵاتەی کە بەهێزی ئەتۆمی ناسراون.

ناوی فەرەنسا لەناوی (فەڕەنکیا)ەوە هاتووە، کە ئەمەش ئەو هۆزە (ئەڵمان)یە بوون کە ئەو ناوچەیان دوای ڕووخانی (ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی) داگیرکرد، بەتایبەت ناوچەی دەوروپشتی ( پاریس) کە مەڵبەندی سەروەریی شانشینی فەرەنسا بوو، زۆرینەی دانیشتوانی ئەم وڵاتە فەرەنسییەکانن‌و لەئایینی مەسیحی (کاسۆلیک) یدا ڕۆچوون.

## مێژوو

وڵاتی فەرەنسای ئێستا زۆرینەی ئەو ڕووبەرە داگیر دەکات کە وڵاتی (گالە Gaule )ی پێکهێناوە، کە ببوو بەهەرێمێکی (ڕۆمانی)، هۆزە ئەڵمانیەکان لەدەوروبەری سەدەی (چوار)ی زایینی هاتنە ئەو ناوچەیەوە، یەکێک لەو هۆزانە کە بە(فرەنکە) ناسرابوو لەو ناوچەیە نیشتەجێبوو، دوای نەمانی (ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی) ئەم هۆزە ناویان لەم وڵاتە نا ( فەرەنسا)، دوای ئەمە ئەو ناوچەیەی کە فەرەنسای ئێستا دەگرێتەوە یەکخرا، لەساڵی (٤٨٦) ز ، کە شا (کلۆڤیسی یەکەم Clovis Ier) بەم کارە هەڵساو هەموو هۆزە ئەڵمانیەکانی لەژێر ئاڵای یەک وڵاتدا کۆکردەوە، ئەم شانشینە تازەیە چەندین هۆزی جۆراوجۆری لەخۆگرتبوو، وەک هۆزەکانی ئەلامان (Alamans) و بەرگەندیەکان (Burgondes) و گوتە خۆرئاوایەکان (Wisigoths)، ئەم وڵاتە واتە وڵاتی (گالە Gaule ) دابەش بوو بۆ چەند شانشینێک، کە هەریەک لەو شانشینانە لەلایەن فەرمانڕەوایەکی بنەماڵەی میرۆڤینجیەکان (Mérovingien) بەڕێوەدەبرا.

لەنیوەی سەدەی (هەشت)ی زایینی وەچەو بنەماڵەی کارۆلنگیەکان (Carolingiens) شوێنی میرۆڤینجیەکان (Mérovingien) یان گرتەوەو هەستان بەفراوانکردنی زەویەکانی شانشینی (فەڕەنگ)ی . شانشینی (فەڕەنگ)ی بوو بەئیمپراتۆریەت دوای ئەوەی کە (شارلمان Charlemagne) هاتەسەر تەختو (شارلمان) لەساڵی (٨٠٦) ئیمپراتۆریەتە فراوانەکەی لەنێوان هەر سێ کوڕەکەیدا دابەش کرد کە ئەوانیش (پیپین، لویس‌و شارل) بوون، بەڵام (پیپین ) ساڵی (٨١٠ مردو (شارل) یش ساڵی (٨١١) مرد، لەکوڕەکانی تەنها (لویس) مایەوە، (لویسی یەکەم) ئاهەنگێکی شکۆداری ڕێکخست بۆ گۆڕینی (پاشا) بۆ (ئیمپراتۆر) لەساڵی (٨١٣) ز .

دوای مردنی (لویسی یەکەم) جارێکی تر شانشینی (فەڕەنگ)ی دابەش بووەوە، کە بووبە دوو شانشین، یەکێکیان شانشینی (فەڕەنگی ڕۆژهەڵات Francia orientalis) بوو کە (ئەڵمانیا)ی ئێستای لێ پێکهات، ئەوی تریشیان شانشینی (فەڕەنگی خۆرئاوا Francia occidentalis) بوو کە فەرەنسای ئێستای لێپێکهات، لەساڵی (٨٤٢ نەوەکانی (شارلمان) پەیمانی (ستراسبۆرج) یان لە(شتراسبۆرگ ( serments de Strasbourg) مۆرکرد، ئەم بەڵگەنامەیەی ئەو پەیمانە بەکۆنترین ئەو بەڵگەنامە نوسراوانە هەژماردەکرێت کە بەهەردوو زمانی (توداسک و ڕۆمان) نوسراوەو ڕوونکراوەتەوە کە ئەو سەردەمە بەکارهاتووە ، هەندێک لە مێژوونوسەکانی فەرەنسا ئەم پەیماننامەیە لەدایکبوونی فەرمی فەرەنساو هەروەها ئەڵمانیاش دادەنێن، هەروەها کارۆلنگیەکان (Carolingiens) تا ساڵی (٩٨٧) دەسەڵاتی شانشینی (فەڕەنگ) یان بەڕێوەبردو هەر لەو ساڵەدا شازادە (هۆگ کاپێت Hugues Capet) چووە سەر تەختو بوو بەپاشای وڵات، بەم شێوەیە نەوەیەکی تر جێگەی نەوەی پێشووی گرتەوە کە ئەویش (کەپیشیەکان Capétiens) بوون، ئەمانە هەستان بە فراوانکردنی زەویەکانی شانشینی ( le domaine royal )، توانیان دەوڵەتی تازە بەڕێوەبەرن تاکو سەدەی (١٢) ز، هەروەها وەچەکانی (کەپیشیەکان Capétiens) بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان بەلاوەکی دەسەڵاتی فەرەنسایان بەڕێوەدەبرد، تا بەرپابوونی شۆڕشی فەرەنسا لەساڵی (١٧٨٩ ز.

لەدوای شۆڕشی فەرەنسا دەسەڵاتی پاشانشینی کۆتایی هاتو سیستمی کۆماری ڕاگەیەندرا. بورجی ئیڤڵ



## جوگرافیا

لەکاتێکدا بەشی سەرەکی فەرەنسا دەکەوێتە (ئەورووپای خۆرئاوا)، بەڵام فەرەنسا بەشێک لەزەویەکانی دەکەونە (ئەمریکای باکور، ئەمریکای باشور، کاریبی‌و زەریای هیندی) خۆرئاواو ڕۆژهەڵاتەوە، هەروەها باکورو باشوری (زەریای هیندی) و کیشوەری (جەمسەری باشور) ەوە. فەرەنسا خاوەنی چەندین دیمەنی سروشتی یە، کە دەکەونە دەشتە کەنارئاویەکان لەباکورو باشور، سێیەکی ڕووبەری گشتی فەرەنسا پێک دەهێنێت ، فەرەنسا دەکەوێتە سنوری (دەریای باکور و زەریای ئەتڵەسی) یەوەو دەکشێت بۆ چیاکانی ناوچەی باشوری خۆرئاواو چیای (ئەلب) یش دەکەوێتە ناوچەی باشوری خۆرهەڵاتەوە، لەناوەراستی فەرەنسادا ناوچەی بەرزی بەردین‌و دارینی چڕ هەیە، چیا سەرەکیەکەی فەرەنسا چیای (ئەلب) ە و بەرزترین لوتکە شاخ تیایدا بریتی یە لەلوتکەی (ئەلمۆن بلان)ە و بە بەرزترین لوتکە شاخی (ئەورووپای خۆرئاوا) دەژمێررێت و بەرزیەکەی دەگاتە(٤٨٠٨ )م، هەروەها چەندین چیای تری هەیە وەک ( پیرینیە، گۆرا، لیە ئەردان، لوماسیف سەنترال‌و فۆج) ە ، فەرەنسا بەهۆی ئەوەی چەندین دەریای لەدەوروپشتە بۆیە زەویەکانی شێدارن.

## دانیشتووان

ژمارەی دانیشتووانی فەرەنسا دەگاتە (٦٠) ملیۆن کەس، کە چڕی دانیشتوان لەهەر کیلۆمەترێک چوارگۆشە دەگاتە (١١١) کەس ، (فەرەنسا لە (٧٣) کۆمەڵگەی نیشەنی پێکدێت، کە (٥) لەم کۆمەڵگە نیشەنیانە زۆر گەورەن بەپێی ئەو سەرژمێریەی (٢٠٠٣ ئەنجامدراوە بەم شێوەیە یە:

١ ) پاریس: ٢،١١ ملیۆن کەس . ٢) مارسیلیا: ١،٥ ملیۆن کەس . ٣) لیۆن: ١،٧ ملیۆن کەس . ٤) لیل: ١،٢ملیۆن کەس . ٥) تۆلۆز: ١ ملیۆن کەس .

لەسەرەتای نەوەدەکاندا ژمارەی هاوسەرگیری دابەزی ، لەهەمانکاتدا پەیوەندی سەربەست زۆرتر بوو بەبێ هاوسەرگیری ، کە لەساڵی (١٩٩٠) گەیشتە (١،٥) ملیۆن حاڵەت، بەڵام (٢٠٠٤) گەیشتە (٤،٢) ملیۆن حاڵەت.

## جۆرەکانی بژیوی

لەچوار بەش سێ بەشی فەرەنسیەکان لەشارەکاندا دەژین کە دەکاتە (٧٤%) لە (پاریس) و شارەکانی تری فەرەنسا کە خەڵکی لەخانوو باڵەخانەی زەبەلاحدا دەژین، بەڵام هەندێک لەدانیشتوانی (پاریس)و شارەکانی تر وایان لاپەسندە کە لەخانووی کۆندا بژین، کەمترگرنگی بەئامێرو هۆکارەکانی تری ژیان و خۆشگوزەرانی سەردەم دەدەن، زۆرتر سوود لە ئامێرو دەزگای کۆن وەردەگرن. وەک ئاگردانی خەڵوزو چەندین شتی تر، لەهەندێک لە شارەکاندا چەند ڕێنمایی و ڕێوشوێنی توند دەگیرێتەبەر بۆ دروستنەکردنی باڵەخانەی بەرز لەناو چەقی شارەکان، لەبەر کەمکردنەوەی قەرەباڵغی و پاراستنی ئارامی شارەکان،

لەدەوروبەری شارەکاندا چەندین شوێنی نیشتەجێبوون بۆ (چینی ناوەڕاست) دروست دەکرێت، لەهەمانکاتدا ئامێرو هۆکاری گواستنەوەی تایبەتیان بۆ دابین دەکرێت بۆ گواستنەوەیان بۆ سەر شوێنی کارەکانیان، شوێنەکانی تری شارەکان.

بەڵام لەلادێکاندا نزیکەی چارەکی دانیشتوانی فەرەنسا) کە دەکاتە ڕێژەی (٢٦%)ی گشتی دانیشتوانی ئەم وڵاتە دەژین، کە زۆربەیان سەرقاڵن بەڕاوە ماسی و کشتوکاڵکردن و زۆرینەی خەڵکی لادێکان وەک دانیشتوانی شارەکان سوود لەئامێرو هۆکاری خۆشگوزەرانی و ئاسودەیی وەردەگرن، زۆرینەیان لەخانووی یەک خێزانیدا دەژین و سوودمەند بوون لەئامێرەکانی وەک ئۆتۆمبیل و تەلەفزیۆن و سەتەلایت و بەفرگر و جلشۆر و چەندین ئامێری تر، کە ژیانیان هاوشێوەی خەڵکی شارەکانە، ئەو زەویانەی کە بەروبومی کشتوکاڵی تێدا دەکەن بە بەراورد بەوڵاتانی ئەوروپا بچوکترن و ئەم پارچە زەویە بچوکانەش بژێوی تەواو بۆ دانیشتوانی ئەم لادێیانە دابین ناکەن.




## ئایین

ئایینی فەرەنسیەکان بەم شێوەیە دابەش بووە:

٢٥% مەسیحی کاسۆلیک .

٩% مسوڵمان .

٣% پرۆستانت .

١% جوولەکە .

٥% بڕوای دیکە .

بێ ئایینی:

٣١% بێ خوایی .

٢٦% گومانکردن لە ئایین .

## ئاستی زەوی

ناوچەکانی فەرەنسا لەڕووی جوگرافیەوە جیاوازن و دوو هەرێمی دروستکردووە کە باکوور و خۆرئاوان، لەدەشتی پان و بەرین و پێچاوپێچ و لەتەپۆلکەو چیا پێک دێت لەهەرێمەکانی خۆرهەڵات و ناوەڕاست و باشوری وڵات، زەویەکانی فەرەنسا دابەش دەبێت بۆ (١٠) هەرێم کە ئەمانەن: ١) تەپۆلکەکانی بەریتانی - نۆرمەندیا. ٢) دەشتایەکانی باکووری فەرەنسا. ٣) بانی باکووری خۆرهەڵات. ٤) دۆڵی ڕاین. ٥) زەویە نزمەکانی ئەکویتان. ٦) بەرزایەکانی ناوەڕاست. ٧) ناوچەکانی ئەلپی فەرەنسا. ٨) چیاکانی جۆراو بەرانس. ٩) ناوچە نزمایەکانی سپی ناوەڕاستو دۆلی ڕۆن. ١٠) دورگەی کۆرسیکا.

## حکوومەت و ڕامیاری

دەستووری کۆماری پێنجەمی فەرەنسا لەڕێگەی ڕاپرسی گشتیەوە لەبەرواری (٢٨)ی سێپتەمبەرەوە لەساڵی (١٩٥٨) چەسپا، سەرکۆمار بەپێی دەستوور هەر (٥ )ساڵ جارێک هەڵدەبژێردرێت، پەرلەمانیش لەدوو ئەنجومەن پێکدێت کە ئەوانیش:

١) ئەنجومەنی پیران ( Sénat ): لە (٣٣١) ئەندام پێکدێتو ئەم ئەنجومەنە بەشێوەی تیرو پشکی ناڕاستەوخۆ نیوەی ئەندامانی هەر (٣) ساڵ جارێک هەڵدەبژێردرێن.

٢) کۆمەڵەی نیشتیمانی (Assemblée nationale): ئەم کۆمەڵەیە لە (٥٧٧) ئەندام پێکدێت، هەروەها یەکەم دەسەڵاتی یاسادانانە لەوڵات.

### کارگێڕی:

فەرەنسا لەڕووی کارگێڕیەوە دابەش دەکرێت بۆ: ١) ناوچە: بەفەرەنسی پێی دەوترێت (Région). ٢) هەرێم: بەفەرەنسی پێی دەوترێت (Département). ٣) فەرمانگەی بەڕێوەبردن: بەفەرەنسی پێی دەوترێت (Arrondissement). ٤) بەڕێوەبەرایەتی: بەفەرەنسی پێی دەوترێت (Canton). ٥) شارەوانی: بەفەرەنسی پێی دەوترێت (Commune).



لە ڕێکەوتی ٦ی مانگی مەی ٢٠١٢ بەپێ ڕاگەیاندی فەرمی هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماری فەرانسە " فرانسوا ئۆلاند ( François Hollande) کاندیدی حیزبی سوسیالیست توانی لە هەڵبژاردنەکە بباتەوە و وەک سەرۆک کۆماری نوێ جێگەی نیکۆلا سارکۆزی بگرێتەوە

## فرانسوا ئۆلاند کی یە (François Hollande)

فرانسوا ئۆلاند، لە ڕێکەوتی ١٢ی ئووتی١٩٥٤ ، لە شاری رووئێن ی وڵاتی فەرانسە لە دایک بووە. لە ساڵی ١٩٩٧ تا ٢٠٠٨ سکرتێری یەکەمی پارتی سوسیالیستی فەرانسە بووە. لە ماوەی ساڵانی ١٩٨٨ تا ١٩٩٣ و لە ١٩٩٧ تا دواتر نوێنەری شاری کۆرێز بووە لە پارلەمانی فەرانسە دا.لە ساڵی ٢٠٠١ تا ٢٠٠٨ شارەوانی شاری توول بووە.

لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠١٢ی فەرانسەدا لە لایەن پارتی سوسیالیست و پارتی رادیکاڵی چەپ ەوە کاندیدی پۆستی سەرۆک کۆماری ئەو وڵاتە بوو و لە خۆلی دووهەمی هەلبژاردنەکان(لە شەشی مەی ٢٠١٢دا لە نیکۆلا سارکۆزی سەرۆک کۆماری ڕاسترەوی ئەو وڵاتەی بردەوە.

## ژیاننامە

فرانسوا ژێرارد جۆرج نیکۆلا ئۆلاند کوڕی بچووکی دوکتور جورج گۆستاڤ ئۆلاند و خاتوو نیکۆل فرێدریک مارگێریت تریبێرت ە. ناوبراو لە خوێندنگەی بەڕێوەبەرایەتی نیشتمانی دا کە تایبەتە بەو کەسانەی کە دەچنە نێو کار و باری دەوڵەتی و فەرمی یەوە خوێندویەتی. لە ١٩٧٠دا لە گەڵ خاتوو سێگۆلێن ڕۆیاڵ دا ژیانی هاوبەشی پێک هێنا و بوون بە خاوەنی چوار منداڵ. لە ٢٠٠٧دا لێک جیا بوونەوە.

## ژیانی سیاسی

لە ١٩٧٤ دا بوو بە سەرۆکی سەندیکای خوێندکاران لە خوێندنگەی سیاسەت لە پاریس دا. دواتر چووە خوێندنگەی بەرزی بازرگانی لە پاریس و بوو بە سەرۆکی کومیتەی پشتگری لە فرانسوا میتێران.

لە ١٩٧٩ دا بووە بە ئەندامی پارتی سوسیالیستی فەرانسە.

---------------------------------------------------------

## داهات

داهاتی فەرەنسا دابەش دەکرێت بۆ:

١) بەرووبومی سروشتی: کشتوکاڵ و چەندین کانزای هەیە، وەک ئاسنی خاو و بۆکسایت و خەڵوزی بەردین و نەوت و غازی سروشتی.

٢) پیشەسازییە خزمەتگوزاریەکان: ئەوانیش ئۆتۆمبیل و پیشەسازیە کیمیایەکان و خزمەتگوزاری ئوتێل کە ساڵانە چەندین گەشتیار سەردانی ئەم وڵاتە دەکەن، هەروەها فێرکردن و چاودێری تەندروستی و کاری تر دەگرێتەوە.

٣) دارستانەکان: سەرچاوەی گرنگی داهاتی وڵاتن و ئەمانەش بریتین لەداری بەڕوو، زەیتون، سنەوبەرو چەندین داری تر کە هەم بۆ پیشەسازی ناوخۆ هەم بۆ بازرگانی دەرەکی بەکاردێن و چارەکی زەوی فەرەنساش پێکدەهێنن.

٤) کانزاکاری: زیاتر لەناوچەی (لۆرین)ە، ئەوانیش بریتین لەخاوی ئاسن و پۆڵا و خاوی بۆکسایت، هەروەها لەباشووری وڵات دەریاندەهێنن، لەناوچەی (ئەلزاس) پۆتاس دەردەهێنرێت کە لەدروستکردنی پەینی کیمیاویدا بەکاردەهێنرێت، ناوچەی (لاک) لەباشووری فەرەنسا سەرچاوەی غازی سروشتی دۆزرایەوەو هەروەها فەرەنسا چەندین کانی خوێ، گۆگرد، تەنگستن و یۆرانیۆم هەیە.

٥) ڕاوە ماسی: لەفەرەنسا نزیکەی (٨٦٠ هەزار تەن ساڵانە ماسی بەرهەم دێت، کە ماسی تونەو سەردین و چەندین جۆری تری ماسی ڕاودەکرێت.

٦) بازرگانی دەرەوە: فەرەنسا بەپێنجەم وڵات دەژمێررێت لەبازرگانی دەرەوە لەهەموو جیهاندا، بەربوومە نەوتیەکان لەگرنگترین جۆری ئەو بازرگانیەیە، کە ئۆتۆمبیل و کەرەسەی کارەباو پیشەسازییە کیمیایەکان و هتد... دەگرێتەوە، گرنگترین ئەو وڵاتانەی کە فەرەنسا بازرگانیان لەگەڵدا دەکات بریتین لە (یابان، سعودیە، سویسرا، ئەمریکاو وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا) .

## گواستنەوە گەیاندن

فەرەنسا خاوەنی خێراترین شەمەندەفەری جیهانە، ئەو شەمەندەفەرەی لەنێوان (لیۆن و پاریس)دا هاتوچۆ دەکات خێرایەکەی دەگاتە (٣٠٠ کم لەکاتژمێرێک دا و هەروەها هەردوو فڕۆکەخانەی (ئۆرالی و چارل دیگۆل) لەقەرەباڵغترین فڕۆکەخانەکانن و لەچەندین شاری تریش فڕۆکەخانە هەیە، چەندین کەشتی جۆراوجۆر لەنێوان نۆکەندو ڕووبارەکاندا سەرقاڵی گواستنەوەن، لەفەرەنسادا ڕۆژانە (٨٥) ڕۆژنامە دەردەچێت، گرنگترین ئەو ڕۆژنامانەش بریتین لە (ئۆست فرانس، فرەنس سوار، لۆمۆندو لیبراسیۆن)و... هتد، چەندین کەناڵی ڕاگەیاندن هەیە کە زۆربەیان دامودەزگا حکومیە سەربەخۆکان بەڕێوەی دەبەن، باجی ساڵانە بەسەر تەلەفزیۆن و ڕادیۆکاندا دەسەپێنرێت، تا ئەو کەناڵە تەلەفزیۆن و ڕادیۆیانە پارەدار بکرێن.



## دەسەڵاتی یاسا

دەسەڵاتی یاسا لەفەرەنسا پارێزەری ئازادی تاکە کەسە، سیستمی یاسایی لەو وڵاتەدا دوو جۆر دادگای هەیە:

١) دادگا مەدەنیەکان: ئەو دادگایانەن کە تایبەتن بەمافی گشتی، وەک (دادگای بەرایی گەورە)و دادگا تایبەتەکانیش (دادگای بەرایی، دادگای بازرگانی، دادگاکانی کێشەی دەسەبەری کۆمەڵایەتی و دادگای کرێکار) کە کێشەی نێوان خاوەنکارو کرێکار چارەسەر دەکات.

٢) دادگای سزادان: تایبەتە بەسزاکان و سێ ئاستە: - سەرپێچیەکان: دەدرێتە دادگای پۆلیس. - سوکە تاوان: تایبەتە بە دادگایی سوکە تاوان. - تاوانەکان: تایبەتەو دەدرێ ًتە دادگای تاوانەکان. چەندین دادگای تر هەیە وەک دادگای منداڵ و کارگێڕی و... هتد.

## فێرکردن

فەرەنسا لەڕووی پەروەردە و فێرکردن بەوڵاتێکی گرنگ دادەنرێت و زانکۆکانی ئەو وڵاتە بەوە ناسراون کە ئاستی خوێندن تیایاندا بەرزەو چەندین کەس کە لەو زانکۆیانە دەرچوون بوون بە خاوەنی (خەلاتی نۆبڵ)، ئاستی خوێندنیشی لەفەرەنسا بەم شێوەیەیە:

١) پلەی (لیسانس یان مەتەرێز Licence/Maîtrise) بەرامبەر پلەی (بەکالۆریۆس)ە لەولاتانی تر.

٢) پلەی (دیبلۆم Diplôme d'études approfondies) بەرامبەر ماستەرە (Master). زانکۆی (سۆربۆن) یەکێکە لەزانکۆ بەناوبانگەکانی فەرەنسا.

## پارتە رامیاریەکان



پارتی یەکێتی لە پێناو دیموکراتی فەرەنسا

پارتی ڕاسترەو

پارتی سۆشیالیستی

پارتی ڕادیکاڵی چەپرەو

پارتی شیوعی

پارتی بەری نیشتیمانی

پارتی دیگۆلی نوێ

چەندین پارت و ڕێکخراوی تر



# ژیان و خەباتی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد

**له ویکیپیدیا، ئینسایکڵۆپیدیای ئازاد**

ئیبراهیم ئەحمەد (ناسراوتر بە: بله)(٦ی ئاداری١٩١٤ - ٨ی نیسانی ٢٠٠٠) ڕۆشنبیر و نووسەر و خەباتگەری ڕامیاری خەڵکی سلێمانی و باشووری کوردستان بووه. له ڕۆژنامەکانی ژیان، خەبات، کوردستان کاری نووسینی کردووه. له ساڵانی ٣٠یەوه هاوکات لەگەڵ خوێندن، تێکۆشانی ڕامیاری دەستپێکردووه. به جۆرێک دامەزرێنەی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق بووه. لەبەر هەلومەرجی تایبەتی ئەو کات ڕەوانەی هەندران دەبێت و تا دوایی ڕۆژی تەمەنی له شاری لەندەن دەمێنێتەوه.

## ژیان

ئیبراهیم ئەحمەد له ڕۆژی ٦ی مانگی ٣ی ساڵی١٩١٤ ، لەبنەماڵەیەکی ناسراوی شاری سلێمانی لەدایکبووه. ڕەمزی فەتاح که ئەفسەرێکی کورد بووه، مامی بووه و کاریگەری زۆری لەسەر ڕۆشنبیر بوونی برازاکەی هەبوو، هەربۆیه زوو ڕەوانەی قوتابخانەی دەکات. ئەم کاریگەرییەی مامی، تا قۆناغەکانی دواناوەندی خوێندنی ئیبراهیم هەر بەردەوام بوو، له ساڵی ١٩٣٧ لەشاری بەغداد کۆلێجی یاسا تەواودەکات.

## ژیانی ڕامیاری

ئیبراهیم ئەحمەد هاوکات لەگەڵ نووسین، کاری ڕامیاری کردووه و چالاکی و بەشداری له شۆڕشی ئەیلوول به سەرۆکایەتی مەلا مستەفا بارزانی کردووه. هەر زوو، ئیبراهیم ئەحمەد لەشاری سلێمانی گوێبیستی سروود و هۆنراوەی نیشتمانپەروەران و هەواڵی شۆڕشگێڕ، شێخ مەحموود بووه. هەروەها بۆردومانی شاری سلێمانی لەلایەن فڕۆکەکانی ئینگلیزەوه کاریتێکردووه. جگه لەوه هەلوومەرجه تایبەتیی ئەوکاتەی سلێمانی، «مامه ڕەمزیشی» ڕێنوێنی کردووه بۆ ئاشناکردنی به خەباتی ڕزگاریی و نەتەوایەتی. له ساڵانی سییەکاندا و لەگەڵ کۆمەڵێک خوێندکاری کوردی لەبەغدا گرووپێکی پێکهێناوه بەناوی «لاوانی کورد» و گۆڤارێکیشی بەناوی «دیاری لاوان» بڵاوکردۆتەوه.



ئیبراهیم ئەحمەد بەدامەزرێنەر و لێپرسراوی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان (ژ.ک) له باشووری کوردستان دەناسرێت، که سەربه مەڵبەندی کۆمەڵەی ژیانەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووه. که سەروەری دامەزراندنی کۆماری مەهاباد (مەهاباد ١٩٤٦)ی هەیه لەگەڵ هەڤاڵەکانیدا توانیبووی لەزۆر ناوچەی کوردستان لق بۆ کۆمەڵەی ژ - ک و پاشان بۆ حدک بکاتەوه. پاش ڕووخانی کۆماری مەهاباد لەساڵی ١٩٤٧دا، ئیبراهیم ئەحمەد و لقی ژ - ک، لەپاش کۆبوونەوەیەک بڕیاریاندا بچنەناو پارتی دیموکراتی کوردستان. ئیبراهیم ئەحمەد به سەرۆکی لقی سلێمانیی پارتی دیموکراتی کوردستان هەڵبژێرا.

لەساڵی ١٩٤٨ پاش ئەوەی دەسەڵاتداری ئەو کاتەی عێراق بەربووه گیانی شۆڕشگێڕانی کورد و پارتی دیمکراتی کوردستان، ئیبراهیم ئەحمەد بۆ ماوەی ساڵ و نیوێک بەندکرا. ئەو کاتەی ئازادکرا تا هەڵگیرسانی شۆڕشی١٤ی تەمموزی ساڵی ١٩٥٨ی عێراق ڕێگایی خەباتی نهێنی گرته بەر.

له شوباتی ساڵی 1951 له میانەی کۆنگرەی دووەمی پارتی له شاری بەغدا بەکۆی دەنگ، ئیبراهیم ئەحمەد بەسکرتیری گشتی پارتی هەڵبژێردرا. هەر لەمیانەی هەمان کۆنگرەدا لەسەر پێشنیازی ئەو، ناوی «پدک» گۆڕا بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان-ئێراق. لەسەر کار و چالاکی ڕامیاری، له هاوینی ساڵی 1951 له سلێمانییەوه بۆ کەرکووک گوێزرایەوه. لەساڵی١٩٥٣ کۆنگرەی سێیەمی پارتی دیموکراتی کوردستان به ڕێبەرایەتی ئێبراهیم ئەحمەد کرا و لەم کۆنگرەیەدا دامەزراندنی یەکێتی ئافرەتان و لاوان و قوتابیان پەسەندکرا.

لەساڵی 1961 ئیبراهیم ئەحمەد وەک سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستان و و سەرنووسەری ڕۆژنامەی خەبات کاری دەکرد، پێش داخستنی ڕۆژنامەی خەبات و هەڵگرتنی مۆڵەتی حیزبەکەی له کۆتایی ساڵی 1961 ناچاربوو بەغدا بەجێبهێڵێت و خۆی بشارێتەوه. لەگەڵ هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوول ڕویکردۆته شاخ و لەڕووی ڕامیارییەوه شۆڕشەکەی بەڕێوەبردووه. لەساڵی١٩٦٤ تا ساڵی ١٩٧١ سکرتێری باڵی نووسینەگەی ڕامیاری پارتی دیموکراتی کوردستان بووه پاش هەرەسی شۆڕشەکه، ڕوودەکاته هەندەران و زۆربەی ژیانی لەشاری لەندەنی پایتەختی بریتانیا گوزەراندووه.

## ژیانی وێژەیی و ڕۆژنامەوانی



ئیبراهیم ئەحمەد هەر لەسەرەتای ژیانییەوه دەستی داوەته کاری نووسین و ڕۆژنامەوانی، هەربۆیه له تەمەنی ١٨ ساڵیدا، له ڕۆژنامەی ژیان کاریکردووه و نۆبەری نووسینەکانی لەوێ بڵاوکردۆتەوه. لەبەر شارەزایی له نووسیندا، پیرەمێرد شاعیر و خاوەنی ڕۆژنامەی ژیان له نووسێنێکدا ستایشی ئیبراهیم ئەحمەد دەکات و دەڵێت:

ژیان چاوەڕێی ئەم کوردییه ڕەوانەیه پیرەمێردیش بەهیوای نەوجەوانانه.

کاتیکێش خوێندن تەواو دەکات، دیسان پیرەمێرد باسی دەکات و دەڵێت:

له خوێندەواره هەڵبژێردراوەکانمان ئیبراهیم ئەحمەد که کۆلێژی مافی تەواوکردووه.. هتد.

لەساڵی ١٩٣٩ بۆ ساڵی ١٩٤٩ لەگەڵ مامۆستا عەلائەدین سەجادی گۆڤاری گەلاوێژ دەردەکەن. هەربۆیه ناچاردەبێت لەساڵی ١٩٤٩ دەست لەکاری میریی هەڵبگرێت. پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ١٤ی تەممووزی ١٩٥٨ا مۆڵەتی بڵاوکردنەوەی چەند ژمارەیەکی گۆڤاری ڕزگاری پێبەخشرا و هاوکاتیش بەرپرسیارێتی ڕۆژنامەی خەباتیشی دەکرد.

ئیبراهیم ئەحمەد بێجگه لەو ڕۆژنامانه خاوەنی ڕۆژنامەی کوردستانیش بوو، که جەلال تاڵەبانی (زاوای ئیبراهیم ئەحمەد) سەرنووسەری بووه. بەهۆی بڵاوکردنەوەی وتارێک بەڕووی دەسەڵاتدارانی عێراقدا، خەبات و کوردستان لەساڵی 1961 داخران و فەرمانی زیندانیکردنیش

بۆ ئیبراهیم ئەحمەد دەرچوو.

لە گۆڕەپانی وێژەشدا ئیبراهیم ئەحمەدی نووسەر و پارێزەر چەندین کاری بەنرخی نووسیوە، ئەویش بەچەند شاکارێکی بەنرخ وەک «ژانی گەل»، «کوێرەوەری»، «دوا تیری کەوان» و هتد. نامیلکەی «الاکراد و العرب» کە لەساڵی ١٩٣٧ بە عەرەبی نووسیویەتی هەوڵێک بووە بۆ ڕێکخستنی پەیوەندیی نێوان کورد و عەرەب لەوڵاتی عێراقدا.

ئیبراهیم ئەحمەد لەتەمەنی ٨٦ ساڵیدا لە کاتژمێر ٥ی ئێوارەی ڕۆژی ٨ی نیسانی ٢٠٠٠ لە لەندەن کۆچی دواییکرد و تەرمەکەی گوێزرایەوە بۆ سلێمانی و هەر لەو شارەش نێژرا.

ژانی گەل یەکێک لە گرینگترین بەرهەمەکانی ژیانی نووسەرایەتی ئیبراهیم ئەحمەد بووە. ئیبراهیم ئەحمەد خەزووری جەلال تاڵەبانی و مەزهەر خالقی بوو.

سەرچاوە : ماڵپەڕی خۆزگە

===========================================================================================

# جواناو

بێبەش

وەک چۆن کوێستانی کوردستان پڕ بە دڵی تۆوی لالە و ڕەنگی بەڕوو و چاوی کانی ڕاگرتووە؛

کوردیش یادت لە نێو دڵی پڕ باوەڕی ڕادەگرێ، ماسییە سوورە چاو ڕەشەکەی کانیی ئەوین!



تۆ کە.... تا دوایین هەناسە پڕ لە تاسەکانی ژیانی لێوڕێژ لە شانازییت گەرنی بەرزت وەک ملی چیا بە هەیبەت و شەوکەتەکانی کوردستان و وەک ئاڵای سێ ڕەنگی خۆر لەسەر سنگی نیشتمان بەرز و شەکاوە ڕاگرت، تۆ کە تەلەسمی سامی مەرگت هەر وەک پشتی دوژمن شکاند، دڵنیابە هیچ گابەردێکی نێو نشێوی فەرامۆشی، هیچ هەرەسێکی بێوەفایی و، هیچ دڕکە جاڕێکی جودایی وەک نەیانتوانیوە ناتوانن تیشکی ڕووناکی خۆری یاد و خۆشەویستیت لە بن بێنن.

هەر بەیانییەک تیشکەکانی خۆری یادت لە بن کێلی گەردن سووری سەر مەرقەدت دێنە دەرێ و سینگی شەوی ڕەشی نەمان کون کون دەکەن و بەتینی وەک گەرمیی دەستی یاری جێژوان کۆرپە لە خەو هەڵدەستێنن.

کۆرپە هەڵدەستن و بە بزەی بتاوێنی سەهۆڵبەندانی ناهومێدی گڕ دەخەنە هەناوی ئازادیویست و جوانی پەرستانی کوردستان و دڵەکان دەخەنە کوڵ. کوڵ تروسکە دەخاتە چاو، کوڵ هێز دەداتە دەست و پێ، کوڵ دەبێتە گەردەلوول و خرۆشانی ڕقی دەریا.

یادت دەریایە ئەی شەهید، لەبن نایە.

لە هەر جێیە جواناوی تۆی لێرژاوە گوڵە گەنمی لێ ڕواوە بۆیە کوردستانم هەمووی ، بست بە بستی وزەی ژینە.

خوێنت لە هەر شوێنێ ڕژا لالەیەکی لێ ڕوواوە، بۆیە خاکی وڵاتی من لالەجارە، لالەکانت قەت سیس نابن لالەکان قەت ناوەرن، وەک باڵای تۆ زۆر لە خەزان بەهێزترن.

چیا و دەشتم شینە لە شینی یادگارە چاو شینەکەت، لە شینی بووکە دڵ بە برینەکەت، لە شینی دایکە جەرگ سووتاو و سەر بەرز و قژ بەفرینەکەت بۆیە شێوەی یادەکەی تۆ کوردستانیش هەر دەریایە.

یادت دەریایە ئەی شەهید، لە بن نایە.

دوایین ئاختت لە ناخی خاک و لەسەر سینەی ڕەوەز و لە توێی باڵای درەخت و تەنانەت لە نێو دڵی سندەگڵی لای سەنگەرت وەک خۆی ماوە و بە زایەڵەی ڕەمز و ڕازی نەمرییت و هەزاران هەزار دیوان لە شێعری پڕاوپڕ لە خۆشەویستی بە عاشقان دەڵێتەوە . کام عاشق هەیە لە عیشقدا شان لە شانی شەهید بدا؟ نازانم... نا

نووری دوایین نیگاکانی پڕ لە حەزت زاوەتە نێو هەر ڕووباری لە کوردستان ڕێ دەبڕێ بەرەو زەریا، بۆیە ڕووبار هەموو ڕوونن، ڕوونن وەکو بەرچاوی ڕوونی پێشمەرگە. لە نووری دوا نیگای تۆیە ڕووبار شۆڕەکاتی شەو دەبڕێ و سینەی شوورەی بێ هیوایی وجەرگی بەندی ستەم دەدڕێ.

بۆ سوورە گوڵی لە تینوان ژاکاوی لێوت کانیاوەکان هاتوونە کوڵ، بە ئاهەنگی پڕ لە سێحری نەوەستان هەستی هەستان هەردەم زیاتر وەجۆش دێنن. دەڵێی دڵی دایکە دەکوڵن. دەڵێی چاوەی چاوی بووکی دڵبڕاون.

دەڵێی دڵی پێکراون، هەستەکان هەر لە جۆشن، کانیاوەکان هەر لە کوڵن.

لە ئامێدی دژی بێدادی دەورانە حەزت بۆتە بەڵێنی گشت کیژ و کوڕان لەگەڵ گرشەی ئەستێرەی چاو دەیدەن بە یەک، کۆنە ساڵان دەیژێننە نێو بزەی کۆرپەو کۆرپەش ئارامی پێدەگرێ. حەزت بۆتە هەستی پەنجەی ژەنیارەکان تێکەڵاوە لەگەڵ خوێن و دڵی دڵدارە لاوک بێژەکان، لەگەڵ خوێنی درشت و ورد. بۆیە لاوک بوونەتە گڕ، گڕ بەربۆتە گیانی حاشاکەرانی کورد.

دەریای یادت لە قامیشلوو بۆتە تۆفان ، گرمەی پێیەو هەناوی دژ دەلەرزێنێ، تیپ تیپ شەپۆلی هێناوە و هەر شەپۆلە و قەڵای بیری سوپای بەعس و وەرەی پاسدار دەڕوخێنێ.

بریسکەی پێیەو بریسکەکان سینگی هەورە ڕەش و نەزۆکەکانی بەر ئاسمانی شینی مانی کورد شەق دەکەن و باوەش باوەش تیشکی بوون و هەبوون و هەرمان داوێنە بەرچاوی ڕەقیب، دەخەنە بەر دیدەی جیهان.

ڕێژنەی پێیەو لەسەر خاکی پاک و بێ ناز لالە و گەزیزە دەروێنێ . خۆ دەزانی لالە هێمای خوێنی تۆیە ، ئاە.... گەزیزەش مژدەی هاتی بەهاری جوان.

یادت بەهارە ئەی شەهید. بەهاری ئەو جیهانەی هەر وەرزێکە. دائیم سەوز ، سەوز هەر وەک دوو چاوی کیژی هەڵەبجە.

سەوز وەک گەڵای گوڵی هەڵاوەسراوی چوارچرا، وەک ڕەپستەی باران، وەک شاڵی شێخی پیران ، وەک پەلکی سەروی ڤیپەن، سەوز و هەمیشە سەوز ..

وەک چۆن کوێستانی کوردستان پڕ بە دڵی تۆوی لالە و ڕەنگی بەڕوو و چاوی کانی ڕاگرتووە ؛

کوردیش یادت لە نێو دڵی پڕ باوەڕیدا ڕادەگرێ ماسییە سوورە چاو ڕەشەکەی کانیی ئەوین. ئەی شەهید.

کوردستان و کورد

# ڕاڤەی وشەی " ناو " و " نێو " .



ح.س.سۆران

به ناوی کوردستانی گەورە

چون زۆر جار، لە بە کاربردنی وشەگەلی سەرەوەدا هەڵە پێش دێ، ڕاڤەیەکتان سەبارەت بەو وشانە لە زمانی کوردی دا پێشکەش دەکەم، کە بە هیوام ئەگەر پێتان گونجاو بو، ئێوەش ڕەچاوی بکەن، ئەگەر نا لەبیری بەرنەوە:

وشەی " ناو" مانای هەمان وشەی "اسم" ی عارەبی دەدا، کە چووشەتە نێو زمانی فارسیەوە و بوە بە " نام". بۆیە ناڵێم لە زمانی فارسیەوە هاتوەتە نێو زمانی کوردی، چون زمانی کوردی بە کۆنتر، سەربەمۆرتر و دەست لێنەدراوتر دەزانرێ. بۆیەکیش لە فارسی دا بوە بە " نام"، چون لە زۆر لەو وشانە دا کە لە زمانی کوردیەوە چوونەتە نێو زمانی فارسی، پیتی " و" بوە بە " م"، وەک " داو = دام" ، "خاو=خام" و هتد. بەڵام وشەی " ناو" لەگەڵ وشەی " نێو"، کە مانای هەمان وشەی " میان " ی فارسی دەدا، تۆفیری هەیە و پێویستە بە چەشنی جیاواز بنووسرێن .

لێرەدا هێندێک لەو وشانە، کە لە وشەی " ناو"ەوە، ڕەگاژۆیان کردوە ناو دەبەم :

ناسناو ، ناوبانگ ، ڕێزناو ( لەقەب )، گوم ناو، خۆشناو، ناوخاس ( ناوی کوڕ)، بەد ناو و هتد.

ئەمەش هێنذیک لەو وشانەی، کە لە وشەی " نێو " ەوە، ڕەگاژۆیان کردوە:

نێوەرۆک، نێوەندە ( سەنتەر)، نێوەزێڵ ( نێوەوە )، نێوان ، نێوماڵ و هتد.

بە کوردی و بە کورتی پێویستە لە بیرمان بێ، کە وشەی " ناو"، لەتەک وشەی " نێو" دا فرە تۆفیریان هەیە و نابێ لێمان تێکەڵ نەبن .

تاران- ڕەشەمەی ٢٧٠٨

# ڕاڤەی وشەی " خان " و " خانم" :

ح.س.سۆران

لێرە دا باسێکی زمان ناسیتان سەبارەت بە وشەی " خان " و "خانم" پێش کەش دەکەم، کە بە هیوام جێگەی سەرنجی خوێنەرانی وردبین و هێژا بێ:

لە بنەڕەت دا، وشەی "خان " وشەیەکی مغوولیە، کە هاتوەتە نێو زمانی کوردیەوە. چون، بە داخەوە کوردستانی گەورە ماوەیکی بەرچاو لە ژێر دەستەڵاتی نگریسی مغوولەکانیش دا بوە. ئەمەش دەزانین، کە زاڵ بوونی رامیاری و ئایینی، وشەگەلی دەستەڵاتی زاڵ دەهێنێتە نێو زمانی گەلی بن دەست و دای دەسەپێنێ- هەر وەک وشەی عارەبی و تورکی و فارسیش بە خەڵوار هاتوەتە نێو زمانی کوردی .

وشەی "خان" لە زمانی مغوولی دا، پاشگر ( پاشکۆ) ی ڕێز، پللە و پایەی بەرزی مرۆڤی نێرینە بوە، وەک چەنگیز خانی باپیری خەڵیفە ئەردۆغان، هولاکۆ خانی مغوول کە بەغدای گرتوە و ئاخرین خەڵیفەی بنەماڵەی عەبباسی پاکتاو کردوە. مغوولەکان ڕێزناو ( لەقەب) ی دیکەشیان زۆر بوە، وەک "قائان" .

وشەی "خانم" یش ڕێزناو ( لەقەب) ی ئافرەتان بوە. وەک لە تورکی دا وشەی " بەگ = بێی" بۆ نێرینە بە کار دەبرێ و وشەی " بەێیان" بۆ ئافرەت .

لێرە دا دێمە سەر کاکڵی تەوەرەی باسەکە، کە ڕاڤەی وشە " خان" و "خانم "ە: هەر وەک ئاماژەم پێ کرد، وشەی " خان" وشەیەکی مغوولیە، لە هەوەڵەوە بە چەشنی زۆر بنەوەشت و بەربڵاو لە تەواوی پارچەکانی کوردستانی گەورە، وەک ڕێزناو ( لەقەب) ی پیاو ماقووڵ و نێرینەی بنەماڵەی ئەوان بە کار براوە، بۆ وێنە وەک شەرەف خان بتلسی، کامەڕان بەدرخان؛ ئەمانوڵلا خان ئەردەڵان؛ خان ئەحمەد خان ئەردەڵان؛ سەردار عەزیز خان موکری؛ سەردار ڕەشید خان قووچان، لە خوراسان؛ سەردار سەیفەددین خان سەقز؛ حەمە حوسەین خان سەیفی قازی وەزیری بەرگری ک.د.ک؛ حەمەڕەشید خان وێنە و دارۆغان؛ حەمە عەلی خان گەڵباخی، حەمە خان بانە و سەدان کەسی ڕێزداری دیکە. وشەی " خانم " لە کوردستان، لە هەوەڵەوە هەر بۆ ئافرەتی زۆر ماقووڵ بە کار براوە، کە با بڵێم لە بنەماڵەی خان بوە. وەک ماشەرەف خانم کوردستانی ( مەستوورە ئەردەڵان)؛ نوور نیساء خانم یا خانمە چکۆلە کە زانستگەی تورجانی دروست کردوە؛ عادلە خانم جاف؛ مینا خانم خێزانی پێشەوا قازی محەممەد و بە سەدان ئافرەتی ماقووڵ و ناوداری دیکە .

هەر وەک وتم، لە زۆر جێگەی کوردستانی گەورە، وشەی خانم بۆ ئافرەتگەلی هەرە ماقووڵ بە کار براوە، شتێکی وەک وشەی " لەیدی " ئینگلیسی بوە. بەڵام ئافرەتگەلی دیکەش، زوربەیان ڕێزناو ( لەقەب) ی شیاوی خۆیان بوە، وەک: یای، خاتو ، خاتوون، خات، باجی، میمکە، پوورێ، دادە و هتد.

لە پاشان کە وشەی " بەگ " لە زمانی تورکیەوە هاتوەتە نێو زمانی کوردی، هێندێک جار بۆ ئافرەت، وشەی " خان" بەکار هێنراوە، وەک " حەفسە خان نەقیب"؛ مریەم خان سترانبێژ و ... . بەڵام بە سەرنج دانی ئەو شرۆڤەیەی سەرەوە، بە بیر وڕای من هەر وشەی " خانم " یا " خاتو" لە روانگەی زمان ناسیەوە بۆ ڕێزناو (لەقەب)ی کوردی ئافرەتان شیاوترە. بۆ سەلماندنی زۆرتری ئەم بیرۆکەیە، باشە بڵێم ئایا دەکرێ لە ئافرەتێک هەواڵپرسی بکەین و بڵێین " بەیانیت باش خان!"، وا بزانم ئێستاش لە باتی ئەم ڕستەیە هەر دەڵێن " بەیانیت باش خانم یا خاتوونی بەڕێز یا شتێکی دیکەی شیاوی ئەو ڕێزدارە .

با لە پەراوێزی ئەم بابەتە دا، بەمانەش ئاماژە بکەم: وشەی " پاشا " ڕێزناوی فرە بەرزی تورکی بۆ نێرینە بوە، بۆ وێنە ڕێزدار عوسمان پاشا جاف، کە یەکێک لە مرۆڤگەلی مەزنی کورد و مێردی عادەلە خانم بوە. پاشکوی بەگ، کە ئەویش تورکیە، وەک ڕێزناوی پیاوان بەکار براوە، بۆ وێنە وێژەوانی مەزنی کورد، مامۆستا تۆفیق بەگ ( پیرەمێرد). وشەی ئەفەندیش، ڕێزناوی تورکیە بۆ نێرینە. وشەی " ئاغا"ش، بۆ پیاو بە کاردەبرێ، وەک ڕێزدار قەرەنیا ئاغای مامەش، سەرۆکی هۆزی ڕەسەنی مامەش، لە دەڤەری خانێ. سەبارەت بە ڕێزناوی ئافرەتێک کە قەت شوی نەکردبێ، لە هێندێک زاراوەی زمانی کوردی دا پێی دەڵێن " گەورە کچ" . بەڵام هێشا نەمدیوە لە مێدیاکاندا، کەڵکی لێ وەربگرن. بۆ وێنە ئینگلیسیەکان دەڵێن " بەیانیت باش (میس = گەورەکچ ) ئێلیزابێت" ، بەڵام لە نێو کورد دا قەت نەمبیستوە بڵێن " بەیانیت باش ( گەورە کچ ) نازدار" هەر دەڵێن نازدار خانم یا خاتو نازدار یا لە هێندێک جێگە دەڵێن " نازدار خان " !!! وشەی "کاک " یش، کە وشەیەکی ڕەسەنی کوردیە، وەک پێشگر (پێشکو) ی خۆشەویستی، مێرخاسی، مەزنی، جوامێری و ڕێزی نێرینە بە کار دەبرێ، وەک " کاک ئەحمەدی سلێمانی؛ " ئابینی " کاکەیی" ؛ " کاکە مەم" و خاتوزین. یا بە چەشنی زۆر ڕەبەن، ساکار و دروشمی برایەتی و نزیکی، وەک " کاک ڕزگار" .

سەرچاوە : گیارەنگ

# مندالان

## تەلەفیزۆن مەترسیدارە بۆ مناڵ

هەرچەندە تەلەفیزۆن بەرنامەی زانستنی باشی تێدایە کە مناڵ دەتوانێت لەو ڕێگەیەوە فێری زۆر شتی باش و بەسود بێت بەلاَم لە توێژینەوەی پزیشکی نوێدا دەرکەوتووە سیەیرکردنی زۆری تەلەفیزۆن ڕێگایەیەکی مەترسیدارە بۆ مناڵی بچوک لەبەر ئەم هۆکارانە:



١- زیادکردنی کێشی مناڵ بەشێوەیەکی زۆر , توێژینەوەی زانستی دەریخستووە ئەگەر مناڵ بۆ ماوەیەکی زۆر سەیری تەلەفیزۆن بکات و لەگەڵ ئەوشدا خواردن بخوات کاتێک سەیری تەلەفیزۆن دەکات ئەوا لە بێئاگایدا کە خەیاڵی لای تەلەفیزۆنەکەیە زۆر دەخوات و کێشی زیاد دەکات .

٢- دەرکەوتنی ڕەوشتی نابەجێ کە ئەمەش کێشەیەکی گەورە دروست دەکات بۆ چواردەورو و مامۆستاو هاورێکانی ئەم ڕەوشتەش بەهۆی سەیرکردنی بەرنامەی نابەجێوەیە کە دادەبەزێت لە تەلەفیزۆندا.

٣- لادانی مناڵ لە کلتوری کۆمەلایەتی وولاَت و سەیرکردنی بەرنامەی بیانی بەهۆی بەخشکردنی لە لایەن تەلەفیزۆنەوە ئەمەش وا لە مناڵ دەکات زیاتر هۆگری ئەو بەرنامە بیانیانە بێت و دور بکەوێتەوە لە بەرنامەی کۆمەڵگەی خۆی .

٤- تەلەفیزۆن وا لە مناڵ دەکات دوربکەوێتەوە لە خوێندنەوەی کتێب و سەردانکردنی کتێبخانە.

٥- نیشانەیەکی لاوازلە مێشکیدا دەردەکەوێت لە قوتابخانەدا بەهۆی ئەوەی هەمیشە خەیاڵی لای تەلەفیزۆنە .

٦- دروستکردنی کێشەی خێزانی بەهۆی سەیرکردنی بەرنامەی جیاوازی تەلەفیزۆنەوە.

بۆ ئەوەی لەم نیشانانە بەدور بێت پێویستە مناڵ لە کاژمێرێک زیاتر دانەنیشێت بەدیار تەلەفیزۆنەوە و کاتەکانی تری دابنێت بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانی قوتابخانەی , ئەگەر سەیری تەلەفیزۆنیشی کرد زیاتر سەیری بە رنامە زانستی و ڕۆشبیری یەکانی کۆمەڵگەی خۆی بکات., تاوەک و ببێتە م خاوەن کەسایەتی بە ڕەوشت.

## مامەڵەی دەروون دروستانە لەگەڵ منداڵەکانتاندا بکەن

لەم بابەتەدا پانزە خاڵ دەخەینە ڕوو وەک ئامۆژگاری دەرونی بۆئەوەی دایکانو باوکان بزانن چۆن مامەڵەی دەرونی لەگەڵ مناڵەکانیاندا بکەن، کە دواجار ئەم مامەڵە دروستەی دایکو باوک دەبێتەهۆی پەروەردەو پێگەیاندنێکی باشی زارۆڵەکانیان، لەگەڵ ئەوەی کە تەکنەلۆژیاو زانست زۆر پێشکەوتووە، بەڵام ئەفسوس لەکۆمەڵگەی کوردیدا ڕەنگدانەوەی نیەو مامەڵەی تەندروستو دەرونیانەی باوکو دایک لەگەڵ مناڵەکانیان غیابی هەیە، بۆیە لەو سۆنگەیەوە ئەم بابەتەم بە پێویست زانی وەریبگێڕمە سەر زمانی کوردی، بەهیوای ئەوەی دایکانو باوکان بیخوێننەوەو سودی لێوەربگرن.



یەکەم : هەموو ڕۆژێک ئەگەر بۆ ماوەیەکی کەمیش بووە لەگەڵ مناڵەکانتاندا یاری بکەن.

دووەم : مناڵەکانتان لەئامێز بگرنو پێکەوە تەماشای تیڤی بکەن.

سێیەم : هەموو ڕۆژێک ماچیان بکەن.

چوارەم : وەسفی ڕووخسارو ڕواڵەتیان بکەن.

پێنجەم : لەکارە قورسو گرانەکاندا هاوکاریان بکەن.

شەشەم : قژیان بۆ شانە بکەن.

حەوتەم : لەگەڵ یەکتریدا خواردن دروست بکەن و پێکەوە بیخۆن.

هەشتەم : لەئۆتۆمبێلدا لەجێگای ئەوەی گوێ لەتەسجیل بگرن، هەوڵبدەن لەگەڵ مناڵەکانتان قسە بکەن.

نۆیەم : یاریان لەگەڵدا بکەنو قاچیان بشێلن.

دەیەم : پێکەوە نوکتەی پێکەنیناوی باس بکەنو کاتی چێژداریان بۆ بخولقێنن.

یازدەیەم : لەگەڵ یەکتریدا بە پیادە برۆن.

دوازدەیەم : ڕستەی سۆزدارانەو خۆشەویستانەیان بۆ بنوسنو دایکوتن بەسەلاجەکەتاندا یان دەرگای ژووری خەوتنەکەیاندا.

سیازدەیەم : پێکەوە یاری مناڵانە بکەنو بۆ یەکتری مەتەڵ بڵێن.

چواردەیەم : هەندێکجار لەدەرەوە لەگەڵ مناڵەکانتاندا نان بخۆن، بۆئەوەی بزان گرنگیان پێدەدەن.

پازدەیەم : هەمیشەو بەردەوام با وشەی "خۆشم دەوێیت" لەسەر زمانتان بێت لەڕووی مناڵەکانتاندا.

سەرچاوە: گۆڤاری موفقیتی فارسی

وەرگێرانی بۆ فارسی: سادان ئاهوان

لەفارسییەوە پەرچڤەی: عومەر هەڵەبجەیی

# تەندروستی

## لەکاتی خواردندا زیاتر گرنگی بە خواردنەوەی ئاو بدە

نوێترین لێکۆلینەوەی پزیشکی ئاشکرای کردووە ، کە خواردنەوەی ئاو لەگەڵ ژەمی خواردندا سوودبەخشە ، چونکە هانی مرۆڤ دەدات لەسەر دەستنیشانکردنی خۆراکی تەندروست و گوڕانی ڕەفتاری خواردن ، کە ئەمەش بەرگری لە قەڵەوی و نەخۆشیەکان دەکات .



لێکۆلینەوەکە کە بەم دوایە لە زانکۆی "ئۆریگون"ی ئەمریکی ئەنجامدراوە دەریخستووە ، کە ئەو منداڵانەی لەکاتی خواردنی ژەمە خۆراکدا ئاو دەخۆنەوە ، ئەوا زیاتر پەنا دەبەنە بەر خواردنی بڕێکی زوری میوەو خەزرەوات ، لەچاو ئەو منداڵانەی لەکاتی خواردندا خواردنەوە گازیەکان دەخۆنەوە .

توێژەران لە دوو کاتی جیاوازدا دوو تاقیکردنەوەیان ئەنجامدا ، یەکەمیان لەسەر ٦٠ هەرزەکارو گەنجی تەمەن نێوان ١٩ تا ٢٣ ساڵی ئەنجامدراوە .

تاقیکردنەوەی دووەمیش لەسەر ٧٥ منداڵی تەمەن نێوان ٣ تا ٥ ساڵی ئەنجامدراوە ، لەگەڵ دەستنیشانکردنی ڕۆلی خواردنەوە بە هەموو جۆرەکانیەوە لەکاتی خواردنی ژەمە خۆراکیەکاندا ، لەگەڵ چونیەتی بەکارهێنانی لەلایەن منداڵانەوە .

لە کۆتایدا توێژەران ئامۆژگاری منداڵانی بچووک دەکەن ، کە ئاگاداربن لە بەکارهێنانی خواردنەوە گازیەکانی پێکهاتوو لە ڕێژەیەکی بەرزی شەکر لەگەڵ خواردندا ، لەگەڵ ئەمەشدا زیاتر گرنگی بە خواردنەوەی ئاو بدرێت لەکاتی خواردندا ، چونکە یەکێکە لە هۆکارە گرنگەکان کە هانی منداڵان دەدات لە دەستنیشانکردنی خۆراکی تەندروست و زیاتر خواردنی میوەو خەزرەوات.

## جگەرەکێشانی سست بۆ ماوەی ٣٠ خولەک زیان بە فەرمانەکانی دڵ دەگەیەنێت



لەمیانەی لێکۆلینەوەیەکی تازەی پزیشکیدا دەرکەوتووە ، کە جگەرە کێشانی خاو و سست بۆ ماوەی نزیکەی ٣٠ خولەک ، دەبێتە هۆی زیان گەیاندن بە ژمارەیەک لە فەرمانەکانی دڵ ، وە مۆلۆلەکانی خوێن لەناودەبات .

بە پێی هەواڵی ئاژانسی شەرق ئەلئەوسەت ، ئەم جۆرە جگەرەکێشانە پەیوەندیەکی گرنگی بە ڕەقبوونی خوێنبەرەکانەوە هەیە ، زیاد لەمەش مرۆڤ تووشی کێشەکانی دڵ و جەڵتەی مێشک دەکاتەوە .

توێژەران لە بنکەی لێکۆلینەوەکە لە زانکۆی "نیۆیۆرک"ی ئەمریکی دەڵێن" جگەرە کێشانی سست و ناوبەناو بۆ مادەی نزیکەی سی خۆلەک چەندین کێشەی تەندروستی بەدوای خۆیەوە دەهێنێت ، بۆیە پێویستە مرۆڤ خۆی لەم جۆرە جگەرەکێشانەو هەموو جگەرە کێشانەک دووربخاتەوە .

## ئەو پێکهاتانەی بەرگری لە تەندروستی مرۆڤ دەکەن



ژمارەیەکی زۆری لێکۆلینەوەی تازە ئاماژە بەوەدەکەن ، کە چەندین جۆری میوەو خەزرەوات هەن ، کە کاریگەریەکی چالاکیان لە دژایەتی کردنی میکرۆبەکان و ڤایرۆسەکاندا هەیە .

تیمی زانایانی ئەمریکای دەڵێن" هەریەکە لە سێو و پیازو چای سەوز لەگەڵ پرتەقاڵدا ، بەهۆی دەوڵەمەندیان بە پێکهاتەی سروشتی ، ڕۆڵێکی گرنگ دەبینن لە پاراستنی جەستە دژی ئەو میکرۆب و ڤایرۆسانە و کەمکردنەوەی مەترسی جەڵتە .

توێژەران لە زانکۆی "هارفۆرد"ی ئەمریکی ئاشکرایانکرد ، کە پێکهاتووی ئەم سەرچاوە خۆراکیانەی ناسراون بە "روتین" کە لەناو چای سەوزو ڕەش دا هەیە ، ڕێگە لە ڕوودانی جەڵتە دەگرن .

هەروەها ڕێگایەکی چالاکە بۆ بەرگری کردن دژی کێشەکانی دڵ و جەڵتەی مێشک . بە پێی لێکۆلینەوەکە ، پێکهاتەی "روتین"ی سروشتی کاردەکات بۆ ڕێگەگرتن لە حالەتی جەڵتەی خوێن و ڕەقبوونی خوێنبەرەکان .

جێی باسە توێژەران هەڵساون بە شیکردنەوەی نزیکەی ٥٠٠ پێکهاتەی سروشتی ، وە بۆیان دەرکەوتووە کە پێکهاتەی "روتین" زۆرترین کاریگەری هەیە لەسەر بەرگری کردنی لە مەترسی جەڵتە .

## سێو پارێزگاری لە مەترسی شێرپەنجەی قۆلۆن دەکات

لەمیانەی لێکۆلینەوەیەکی تازەی ئەمریکیدا دەرکەوتووە ، خواردنی میوەو شەربەتی سێو ، یارمەتی پاراستنی مرۆڤ دەدات لە مەترسی تووشبوون بە شێرپەنجەی قۆلۆن .

بە پێی لێکۆلینەوەکە خواردنی میوەو شەربەتی سێو بەهۆی دەوڵەمەندی بە ئەنتی ئۆکسیدەکان ، ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە بەرهەمهێنانی پێکهاتەیەک لەناو جەستەدا دژی شێرپەنجەی قۆلۆن ، وە گرنگیەکی چالاکیشی هەیە لە بەرگری کردن لە مەترسی تووشبوون بەم شێرپەنجەیە .

لێکۆلینەوەکە ئاماژەشی بەوەدا ، کە میوەی سێو سەرچاوەیەکی سەرەکی جۆرها پێکهاتەی سروشتی و مادەی سوودبەخشە کە کاریگەریەکی ئیجابیان لەسەر تەندروستی قۆلۆن دەبێت ، بەتایبەت مادەی "پیکتین"و "بۆلیهینولز" .

سەرچاوە : کوردستان تی ڤی

# وتەی زانایان

## سیاسەت لە گۆشەنیگای ناودارانەوە.

رەزا شوان

※ سیاسەت هونەری هەڵخەڵەتاندنە، لە هۆشی لاوازەکاندا، پانتاییەکی زۆری داگیرکردووە. « ڤۆڵتێر»

※ هەموو سیاسەتێک قسەیە، بەڵام هەموو قسەیەک سیاسەت نییە. « بۆل کراون »

※ نالەبارترین شت لە سیاسەتدا، ئەوەیە کە دەستی پێبکەیت و بە ناچڵی وازی لێبهێنیت. « ناپلیۆن »

※ سیاسەت هونەرێکە، ڕێ نادات بە خەڵکی بۆ ئەوەی لەو شتانە بکۆڵنەوە کە گرنگن بۆیان .« ڤالیری»

※ سیاسەت، هونەری کارکردنە لە سنووری تواناد . « بسمارک »

※ سیاسەت، مرۆڤ دەکات بە دوو بەشەوە، بەشێکی بەکاردەهێنن و بەشەکەی تریشی دەبێت بە دوژمن. « فردریک نیتشە »

※ من خۆم بڕیارم دا ، کە ببم بە سیاسەتمەدار . « هیتلەر »

※ ئای بۆنی تەرمێک دێ ، دەترسم نیشتمانەکەم بێ ، لە باروونی وتاری سیاسییەکاندا سوتابێ..! « لەتیف هەڵمەت »

※ سیاسەت بریتییە لە توانای پێشبینی کردن، کە سبەینێ یا مانگێکی تر یا ساڵێکی تر چی ڕوودەدات، دوای تریش توانای لێکدانەوەی هۆیەکانی نەهاتنەدیی ئەو پێشبینییانە، ئەگەر نەهاتنەدی. « چەرچڵ »

※ سیاسەتمەدار ئەو کەسەیە کە شەپۆلەکان دروست دەکات ، دوای ئەوە وات لێدەکات بڕوای پێبکەیت ، کە ئەو هەر خۆشی دەتوانێت کەشتییەکە بەرەو ڕۆخی دڵنیایی بەرێت . « ڤۆڵتێر »

※ سەرۆکی کۆمەڵەی شەیتانەکان ، لە بەردەم نووسەرێکی سیاسیدا دەلەرزێ . « ولیەم ستید »

※ سیاسەتمەداران لە هەموو شوێنێکدا وەکو یەکن ، بەڵێن ئەدەن بە دروست کردنی پردێک، ئەگەرچی لەو شوێنەدا هیچ ڕووبارێکی لێ نییە . « نیکیتا خرۆشۆف »

※ تۆ لە سیاسەتدا هاوڕێت نییە ، تەنها ئەوانە نەبێت کە هاوڕاتن . « یوسف کەنە »

※ سیاسەت زانیاری نییە ، بەڵکو هونەرە . « بسمارک »

※ ئەگەر فێڵباز ڕەوشت و ڕەفتاری خۆی بگۆڕێت، دەتوانێت ببێت بە گەورەترین سیاسەتمەداری جیهان. « ئەرستالیس »

※سیاسەت وەک کشتوکاڵە ، ئەگەر پێش ئەوەی پێبگات بەرەکەی بکەیتەوە زیان بەخشە، هەروەها ئەگەر کاتیشی بەسەر چووبێ . « حەسەنی دووەم »

※بۆ دوورکەوتنەوە لە ناکۆکی، دەتوانیت سوود لە سیاسەتی بێ دەنگی وەربگریت. « سۆزان کۆ ئیلیام »

※ دەشڵێن: « لە سیاسەتدا نە دوژمنایەتی تا سەرە، نە دۆستایەتیش تا سەرە. »

گیارەنگ

# پەندی پێشینیان





لە برسا بمری لە گەڵتا ئەگری نانت ناداتێ

درۆ بێ دەسەڵاتە هەموو کەس پێی ئە وێرێ

ترێ لە داری باش و کچ لە دایکی باش هەلبژێرە

کەچەڵ کە دەرمانکەر بێت دەرمانی سەری خۆی ئەکات

جۆگەیەک کە ئاوی پێدا بروات زەحمەتە کە وشک بێت

بەرد لە جێی خۆی سەنگینە

برادەری دڵسۆز ، دەرمانی ژیانە

کتێبی بە نرخ لە سامان باشترە

ئاگر بە ئاوی پیسیش دەکوژێتە وە

قسە یان لە شێت ببیسە یان لە منداڵ

بۆ خۆی ریشی نیە بە کۆسە پێدە کە نێت

چەپڵە بە یەک دەست لێ نادرێت

ساڵی خۆش لە بەهارەکەیدا دیارە

گۆم تا قووڵ بێت مەلەی خۆشە

ئەگەر گوڵ نیت دڕکیش مە

ئەوەندە مەڵێ گوێت لێ نەگرن، ئەوەندەش گوێ ڕامەگرە سەرت بێتە ژان

بناخەی ژیان لە بەردی کات دروست کراوە ، کەواتە کاتت بە فیرۆ مەدە

تەشی ڕێس تەشی ڕێس بێت بە کلکی کەریش بێت ئەی ڕێسێت

خۆشەویستی هونەرێکە ژن دەیزانێت و پیاو فێری دەبێت

بەختی لە هەموو شتێکدا ڕەشە،تەنها لە شووتی دا سپی یە

قومارچی دۆڕاو نەڵێت بە .. .....ەوە دڵی ئەتەقێ

با لە هەر کوێیەکەوە بێت ئەو لەوێ شەن ئەکات

بزن بۆ شەوێکیش بێ، شوێنی خۆی خۆش ئەکات

بانگی محەممەد بە ئاشکرا خۆشە

ماڵی نەخۆری بۆ چەکمە سۆر

هەر کەس دەچێتە قەبری خۆی

گەر دوعای کەر قبوڵ بوایە جــۆ دەباری

هێز لە یەکگرتوویی و یەکڕیزی دایە

دەوڵەمەند پیرۆزت بێت ،فەقیر لە کوێت بوو؟

ماڵپەری شارەزۆرپۆست

# هەڵبژاردەی فوتباڵی کوردستان هێمای بەجیهانیبوونی کورد

وریا رەحمانی



لەوەتا وەبیرم دێ هەمیشە حەزم لە یاریی فوتباڵ بووە و هەستم بە کاریگەرییە سیاسی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و ... کانی ئەم وەرزشە لە ئاستی نێوخۆیی و دەرەوەی کۆمەڵگە جۆراوجۆرەکاندا کردوە. وەبیرم دێ کاتی یەکێک لە گەورەترین و خۆشەویستترین ئاواتەکانی من و زۆری دیکەی وەک من بووە کە رۆژێک لە رۆژەکان تیمی هەڵبژاردەی کوردستان لە ئاستیکی نێونەتەوەیی دا ببینین کە ئاڵای کوردستانیان بە دەستەوە بێ و سروودی ئەی رەقیب بڵێنەوە و بیبەنەوە. هەبوونی تیمی هەڵبژاردەی کوردستان و دەرکەوتن لە تۆرنۆمێنتێکی باڵای نێونەتەوەییدا خۆی هەڵگری کۆمەڵێک پەیام و دەستەبەربوونی بەشێکی زۆر لە خەونەکانی منی مرۆڤێکی کوردە کە رەنگە بە درێژایی تەمەنیشی لەم پێناوەدا تێکۆشابێ. راستییەکەی دەتوانم بڵێم کە ئەگەر بە درێژایی تەمەنم سێ ئارەزووی گەورەم بووبێ بە دڵنیاییەوە، یەکیان هەمیشە دیتنی تیمی فوتباڵی کوردستان بە سەرکەوتوویی لە ئاستە نێونەتەوەییەکاندا بووە. ئەو هەستە و غرووره پیرۆزەی کە لەکاتی لێدانی مارشی سروودی ئەی رەقیب و هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە بوارێکی نێونەتەوەیی فوتباڵدا ئینسان هەستی پێدەکا، لەگەڵ هیچ شتێکی دیکە بەراورد ناکرێ و لە گێڕانەوەش نایە.

هەست دەکەم وردەوردە خەریکە سێبەری نەهامەتی لەسەرمان لادەچێ و ئەو ئامانج و ئارەزووە هاوبەشانەی کە ساڵانێکی زۆرە خەونیان پێوە دەبینین خەریکن وەدی بێن. بەرزبوونەوەی مەوجوودییەت و پرسی کورد لە ئاستە باڵاکانی نێونەتەوەیی و دەرکەوتنی کورد وەک یەکەیەکی سیاسی - نەتەوەیی - جوغرافیایی لە مەیدانە بەرزە جیهانییەکاندا بەدرێژایی مێژووی هاوچەرخ ئاواتێکی بێ ئەملاولای رەهەندی نەتەوەیی منێکی تاکی کورد بووە کە بەدرێژایی تەمەن خەونی پیرۆزم پێیەوە دیوە و لە هەوڵی دەستەبەر بوونیدا بووم.

به راشکاوییەوە دەتوانم بڵێم کە حزوور و دەرکەوتنی تیمی فوتباڵی کوردستان لە ئاستێکی باڵای نێونەتەوەیی وەک تۆرنۆمێنتی چەندلایەنەی فەلەستین و سەرکەوتنی غروور خوڵقێنانەی ئەم تیمە لە کێبەرکێ لەگەڵ هەڵبژاردەی وڵاتانێکدا لە ساڵانێکی سەربەخۆیی و سەروەریی کیانی کورد وەک مرۆڤ و کورد وەک زۆرە لە پێناو مافە رەواکانی خۆیدا کەسایەتیی خوڵقێنانەی کەم وێنەی راستەوخۆی پۆزەتیڤی لە بواری نەتەوەیەک بووە کە بەتایبەت بە کراوە. ئێستا کە لە زۆریەک لە و بەرز کردنەوەی هێمای کوردی وەک دەوڵەتە داگیرکراوەکانی کوردستانەوە لە وڵاتێکی دیکەی دوور لە کوردستان کوردسانەوە لە باشووری کوردستان، کوردستان لە تۆرنۆمێنتێکی رەسمی لە بەرامبەر تیمی وڵاتانێکی خاوەن دەردەکەوێ و غرووڕێکی شایانی دنیادا بەدی دێنێ. ئیتر مەجبوور نیم

گەلێک دوور و درێژتر خاوەنی خۆیانن، لەراستیدا بۆهەر تاکێکی نەتەوەیەکی زیندوو کە ساڵانێکی خەبات دەکات، گرینگییەکی هەیە کە دەتوانێ کاریگەریی بایەخی دەروونی کورد وەک درێژایی مێژووی خۆی حاشای لێ پارچە جیاوازەکانی کوردستان باس ئاڵا و سروودی نەتەوەیی لە لایەن پێشی پێ دەگیرێ، زۆر گرینگە کە بە لوتفی حکوومەتی هەرێمی تیمی فوتباڵی هەڵبژاردەی نێونەتەوەییدا لە وڵاتی فەلەستین پێگەی جیهانیدا بە سەرکەوتوویی نەتەوەیی بۆ کورد لەهەر شوێنێکی لە مەیدانە جیهانییەکانی فوتباڵ



دا بەهۆی ئەوەی کە بۆخۆم وەک کورد خاوەنی تیمێکی هەڵبژاردەی فوتباڵ نیم لایەنگری لە وڵاتێکی دیکە بکەم، بەڵکوو منیش وەک هەموو خەڵکی دیکەی دنیا خاوەنی شوناسی نەتەوەیی - وەرزشیی خۆمم و بە سەرکەوتن یان شکستی تیمی فوتباڵەکەی خۆم خۆشحاڵ یان دڵگران دەبم. لەم رۆژانەی دواییدا کە یاریی هەڵبژاردەی کوردستان لەگەڵ مۆریتانیا و ئەندۆنێزیام دەدیت بە شێوەیەکی ناخودئاگا وەبیر ئەم شێعری «ئاوات»ی مامۆستا ئاسۆ کەوتمەوە!

بڵێی خوداعومرم بدا
لە مەیدانێکی گەورەدا
یاری تۆپێنی دونیا بێ!
تیمی کوردستان ببینم
کراسێکی سوور و جوانی لە بەردا بێ!!؟
ئیدی ئەو کات زۆر پیریش بم
نەخۆشیش بم قەت قەت مەم بەن بۆ کن تەبیب
ئەلەمم تێدا نامێنێ
بەو شەرت منیش لە گەڵ ئەوان بخوێنمەوە
سروودی بەرزی ئەی رەقیب!!

کوردستان و کورد




**cozerdan** ٢٧١٢ کوردی **جۆزەردان**

| هەینی | پێنج شەممە | چوار شەممە | سێ شەممە | دوو شەممە | یەک شەممە | شەممە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٧ 27 | ٦ 26 | ٥ 25 | ٤ 24 | ٣ 23 | ٢ 22 | ١ 21 |
| ١٤ 3 | ١٣ 2 | ١٢ Jun 1 | ١١ 31 | ١٠ 30 | ٩ 29 | ٨ 28 |
| ٢١ 10 | ٢٠ 9 | ١٩ 8 | ١٨ 7 | ١٧ 6 | ١٦ 5 | ١٥ 4 |
| ٢٨ 17 | ٢٧ 16 | ٢٦ 15 | ٢٥ 14 | ٢٤ 13 | ٢٣ 12 | ٢٢ 11 |
| | | | | ٣١ 20 | ٣٠ 19 | ٢٩ 18 |

هەولێر

ڕەحمان نەقشی

گۆڤاری ئینتێرنێتی یەکبوون گۆڤارێکی سەربەخۆیی مانگانەیە، لە ئامادە و بڵاو کردنەوە : ڕەحمان نەقشی
r_ neqsi@yahoo.ca